# "٤٠٪ی ئەو پڕۆژانەی ئەمساڵ مۆڵەتیان پێدراوە لە بواری پیشەسازیین"

**شکۆی کوردستان**

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بەردەوامن لە مۆڵەتدان بە پڕۆژەکان و تائێستا مۆڵەتیان بە ١٣٠ پڕۆژە داوە، کە ٤٠٪ی پڕۆژەکان لە بواری پیشەسازیین، بۆیە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە گرنگی بە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ بدرێت.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، دکتۆر محەمەد شوکری، ڕایگەیاند: لەو هەفتەیەدا، مۆڵەتیان داوە بە دروستکردنی کارگەیەکی نوێی بەرهەمهێنانی کێک و بیسکویت بە سەرمایەی شەش ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار، کارگەکە وەبەرهێنەری ناوخۆیی و بیانی بە هاوبەشی دروستیدەکەن و کارگەیەکی گەورەیە و نزیکەی ١٠ هەزار مەتر زەویی بۆ تەرخانکراوە و ئەم هەفتەیە دەست بە دروستکردنی دەکرێت. بەمەش تا ئێستا ١٣٠ مۆڵەتیان داوە کە ٤٠٪ی پیشەسازییە".

دکتۆر محەمەد شوکری، گوتیشی: "دەمانەوێت گرنگی تایبەت بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ بدەین، بۆیە هەرکەسێک داواکاریی بۆ دروستکردنی پڕۆژە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاری پێشکەش بکات قبوڵی دەکەن و هەموو ئاسانکاریەکیشیان بۆ دەکەین".

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، ئاماژەی بەوەشکرد: داواکاریی زۆریان بۆ دێت بۆ پڕۆژە و بەرنامەی حکومەت گرنگیدانە بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و، چونکە ئەو کشتوکاڵە دەبێتە پیشەسازیش، بۆیە گرنگیی تایبەتی پێدەدەین و بەردەوامیش دەبین تا ئەو کەرتانە دەبووژێنەوە".

# شکۆی کوردستان

ژمارە (١٢) ٢٨ی نیسان ٢٠٢١



## ژمارەی ئەرمەنەکانی کوردستان نزیکەی هەزار و ٢٠٠ کەسە

4 لاپەڕە



## "حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هاوکارییەکمان ناکات"

3 لاپەڕە



## خەتیبی گەورەی سلێمانی؛ ناوێک بارتەقای ناسناوی ڕۆشنبیری سلێمانی

11 لاپەڕە

### بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکان، هۆکاری سەرەکییە

# ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق کارتی دەنگدانیان نوێنەکردۆتەوە



**تایبەت بە شکۆی کوردستان**

بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە ١٠ی مانگی ١٠ ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، یەکێک لە مەرجەکانی کۆمسیۆن نوێکردنەوەی کارتی بایۆمەتری و کارتی دەنگدان بوە، بەڵام بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان کارتی دەنگدانیان نوێنەکردۆتەوە و چاودێران پێیانوایە، جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی پێشو هۆکاری سەرەکی بێئومێدکردنی هاوڵاتیانە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەمساڵ، وێڕای ئەوەی کۆمسیۆن ڕایگەیاند لە دەرەوەی وڵات هەڵبژاردن ناکرێت، زۆرێک لەوانەشی کە پێشتر بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئەمساڵ کارتی بایۆمەترییان نوێنەکردووەتەوە.

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە بەردەستن، ئاماری بەدەمەوەچوونی نوێکردنەوەی کارتی بایۆمەتری لەهەرێمی کوردستان، بەمجۆرەیە: لە پارێزگای هەولێردا، لە کۆی یەک ملیۆن و ٢٢٢ هەزار کەس کە مافی دەنگدانیان هەیە، لەو ڕێژەیەش ٧٤١ هەزار و ٥٣٥ کەس بایۆمەترییان نوێکردوەتەوە، هەروەها لە پارێزگای سلێمانی لە کۆی ملیۆنێک و ٣٦١ هەزار و ٩٧١ کەس کە مافی دەنگدانیان هەیە، لەو ڕێژەیەش ٩١٣ هەزار و ١٩٩ کەس کارتی بایۆمەترییان نوێکردوەتەوە، لە پارێزگای دهۆکیش ٨٢٧ هەزار و ٦٥٨ کەس مافی دەنگدانیان هەیە، لەو ڕێژەیە ٥٨٣ هەزار و ٢١٦ بایۆمەترییان نوێکردوەتەوە.

لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا، ٢٥ ملیۆن و ١٣٩ هەزار و ٣٧٥ کەس مافی دەنگدانیان هەیە، لەو ژمارەیەش تەنیا ١٦ ملیۆن و ٢٥ هەزار و ٩٠٩ کەس بایۆمەترییان نوێکردوەتەوە.

بەپێی ئەم ئامارانە، ئەمساڵ ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هاوڵاتیانی عێراق بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەو پێیەی هەموو ئەوانەشی بایۆمەترییان نوێکردووەتەوە مەرج نییە دەنگ بدەن، چونکە بەتایبەت فەرمانبەران و هێزە ئەمنییەکان ناچارکراون بایۆمەتریی نوێبکەنەوە.


کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵی بۆ نوێکردنەوەی تۆماری بایۆمەتری دیاریکرد و بڕیار بو لە ١ی نیسان کۆتایی بێت، دواتر ماوەکەی تا ١٥ی نیسان درێژکرایەوە.

**زانیاری زیاتر لە لاپەڕە (٢) بخوێنەوە..**



## ملیۆنێک و ٢٤١ هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان هیچ کارێک ناکەن!

8 لاپەڕە



## بۆنی زبڵ و خاشاک خەڵکی کەرکوک بێزار دەکات

9 لاپەڕە

# لەبارەی لێبڕینی موچە 61 دادوەری هەرێمی کوردستان هەڵوێستیان ڕاگەیاند


**ئا: شکۆی کوردستان**


لە یاداشتێکی هاوبەشدا کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیانکردوە، ٦١ دادوەر پشتیوانی لە داواکاری هاوپیشەیەکیان دەکەن کە هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەی کردوە ئەگەر لێبڕینی موچە تاکۆتایی مانگی داهاتو ئەو پرسە چارەسەر نەکرێت، ئەوا هەڵوێستی دیکەیان دەبێت.

٦١ دادوەری هەرێمی کوردستان لە یاداشتێکی هاوبەشدا کە وێنەیەکی بۆ (شکۆی کوردستان) نێردراوە باس لەوە کراوە، وەک بەشێک لە دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی داوا دەکەن حکومەتی هەرێم کۆتایی بەشێوازی نایاسایی دو موچە و سێ موچە و هەزاران بندیوار بهێنێت نەک دەست بۆ شایستەیەک ببڕێت کە بە یاسا ڕێکخراوە و تەنها یاساش دەتوانێت دەستکاری بکات کە موچەی فەرمانبەرانە.

ئاماژەیان بەوەشکردوە: داوای کۆتاییهێنان بە لێبڕینی موچە بۆ سەرجەم فەرمانبەران دەکەین و چاوەڕوانین حکومەتی هەرێم بەڵێنەکانی جێبەجێبکات لە ئەنجامدانی چاکسازی، کۆتاییهێنان بەلێبڕینی موچە و دروستکردنی ژمارەی بانکی بۆ فەرمانبەران، بەپێچەوانەوە لە کۆتایی مانگی داهاتووەوە هەڵوێستی دیکەی مەدەنیانەمان دەبێت".

لە ٢٠ی ئەم مانگە، یەکێتی دادوەران و ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە دو داواکاری جیادا داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد، کۆتایی بە لێبڕینی موچە بهێنێت.





شکۆی کوردستان
ژمارە (١٢) ٢٨ی نیسان ٢٠٢١

# پەرلەمانتارێکی کورد: لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان زەرەرمەند دەبن

**ئا: شکۆی کوردستان**

بەهۆی کێشەو گرفتەکان و پەرتەوازەیی کورد و لایەنە سیاسییەکان بارودۆخی کورد باش نییە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندام پەرلەمانێکیش پێیوایە کورد زەرەرمەند دەبێت.

لە ئێستادا لە عێراق لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ئامادەکاری دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت. کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان دەسەڵاتی لە دەستداوە و تووشی چەندین گرفت بووەتەوە لەوانە تەعریب کردن و داگیرکردنی زەوی و زارو گرفتی ئەمنی کە بەهۆیانەوە بە هەزار خێزان کۆچیان کردووە.

جەمال شوکر ئەندامی ئەنجوومەنی عێراق لە کەرکووک ڕاگەیاند: ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە لە ڕووی کێشەو گرفتەکان لە سنووری کەرکووک بۆ نەتەوەی کورد باش نابێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بە تایبەتی کێشەی هێزە سەربازییەکان.

وتیشی: "کێشە گەلێکی زۆر هەیە لە سنووری کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ڕووی داگیرکردنی زەوی زاری کورد و پرۆسەی تەعریب کردنەوە و هەروەها وەکو هێزە ئەمنییەکانیش کە دەسەڵاتیان هەیە جگە لە شێوازێکی گشتی ڕەنگە لەئاستی ئەفسەرو تاکە کەسیش بەربەست دروست بکەن لەبەرامبەر دەنگدەری کورد".

جەمال شوکر راشیگەیاند: پێویستە ئەو کێشانە چارەسەری بۆ بکرێت یان بارودۆخەکە باشتر لێکبدرێتەوە و ڕێکبخرێتەوە بۆ ئەوەی کورد لە نێو ئەو گرفت و هێزەی لەبەرامبەریدا هەیە لەبەرامبەر نەتەوەکانی تر بتوانێت کێبڕکێ بکات و دەنگی خۆی بەدەستبهێنێت".

بارودۆخی کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان بە شێوەیەکە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەمنی فشاری عەرەبی هاوردە کە هێزە عێراقییەکانیش پشتیوانیان دەکەن لە سنووری خانەقین زیاتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ خێزان کۆچیان کردووە و نزیکەی ٤٠ گوندی کورد چۆڵبوون. لە سنووری خورماتوو لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەرەوە زیاتر لە ١٢ هەزار کوردی خورماتوو نەگەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکە، لە سنووری کەرکووکیش زۆربەی کادرە حزبییەکان و کارمەندانی ئاسایش و پێشمەرگە ناوچەکەیان جێهێشتووە هەرچەندە ئاماری تەواو بەردەست نییە، بەڵام قەربارەی کۆچی کورد لە کەرکووک لە ناوچەکانی تر زۆر زیاترە.

شێرکۆ میروەیس، لە ئاستی عێراق یەکێک لە داوکارییەکان داواکردنی هەڵبژاردنی پێشوەخت بووە بە شێوەیەکی پاک و بێلایەن، بۆ ئەمەش پێویستە کۆنترۆڵی چەک بکرێت و لایەنی ئەمنی بە تەواوی لە دەستی دەوڵەت بێت، بەبێ کۆنترۆڵکردنی چەک مەحاڵە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناتوانن سەرکەوتوو بن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بێ دەستتێوەردان.

وتیشی: "بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان بارودۆخی ئێستا کاریگەری هەیە، بۆیە هەڵبژاردن بەو بارودۆخەی عێراق لە ئێستا پێیدا تێدەپەڕێت نە کورد نە لایەنەکانی دیکە لە سوونە و بەشێک لە شیعەش تێدا سەرکەوتوو نابن و بۆ کورد زیانی دەبێت، چونکە هەڵبژاردن بۆ کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان تەنها بە دەستهێنانی کورسی نییە بەڵکو کورد پێویستی بە سەنگ و پێگەی خۆی هەیە".

باسیشی لەوەشکرد: لەم پەرتەوازەییەی ئێستا کورد پێیدا تێدەپەڕێت چی پەیوەندی بەناوخۆ یان بە دەرەوە هەبێت کورد زەرەمەندی گەورە دەبێت و ئەنجامەکەی باش نابینێت بە تایبەتی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان کە پرسێکی گرنگە، کورد لە ڕووی پێگەوە لەو ناوچانە پاشەکشەی گەورە دەکات".

شێرکۆ میروەیس سەبارەت بە چارەسەر بۆ ئەو دۆخەی ئێستا کورد، ڕایگەیاند: بۆ ئەوەی کورد زەرەری گەورە نەکات پێویستە لە ناوچانە کێشە لەسەرەکان بەیەک لیست بەشداری بکەن بە پێچەوانەوە پەتەوازەیی بوونی لایەنەکان بۆ کورد بە زیان دەشکێتەوە.

گرفتی کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ئێستادا بریتییە لە هێرشی چەکدارانی داعش و داگیرکردنی زەوی و زارەکانیان لەلایەن عەرەبە هاوردەکانەوە کە لە سەردەمی بەعس لەسەر ئەو زەویانە جێگیر کران. نەبوونی پێشمەرگە و دەسەڵاتی سەربازی لەو سنوورانە کوردی پەراوێزخستووە بە تایبەتی لە گوندەکان هاوڵاتیان ناپارێزرێن و بە ئاشکراش بەرهەمی دانەوێڵە و کشتوکاڵیان دەسوتێندرێت و تا ئێستا بە سەدان کەسیان لێکوژراوە.

خراپی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان وادەکات لە داهاتوودا لە هەڵبژاردنەکان زیانی گەورەی بەربکەوێت بە تایبەتی ڕکابەرەکانی لە عەرەب و تورکمانیش خاوەن هێزی سەربازی و پێگەی سیاسین و کوردیش لە ناوخۆیدا پەرتەوازەیە.



# بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکان خەڵک لە هەڵبژاردن بێئومێد دەکات

**ئا: شکۆی کوردستان**

هاوڵاتیانی سلێمانی بێئومێد بوون لە پرۆسەی هەڵبژاردن، هۆکارەکەشی بۆ خراپی بەڕێوەبەردنی دەسەڵات دەگێڕنەوە، بە گوێرەی ئامارەکانیش ئەمساڵ زیاد لە نۆ ملیۆن هاوڵاتی لە عێراقدا دەنگ نادەن.

بەهۆی بەردەوامیی گەندڵیی دەسەڵاتداران و جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەی بە خەڵک دراوە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، ڕۆژ بەڕۆژ بێمتمانەیی هاوڵاتیان بەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتر دەبێت، بە جۆرێک لە نێوان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە تا ساڵی ٢٠١٨ ڕێژەی دەنگدان ٣٦٪ کەمیکردوە.

ئەگەرچی هەر هەڵبژاردنێک کۆمسیۆن کۆمەڵێک بەڵێن دەدات کە ڕێگری لە ساختەکاری دەکەن، بەڵام کۆتایی هەڵبژاردنەکان لایەنە سیاسییەکان ناڕەزایی خۆیان دەربارەی ساختەکاری دەخەنەڕوو.

بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە ١٠ی مانگی ١٠ ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، یەکێک لە مەرجەکانی کۆمسیۆن نوێکردنەوەی کارتی بایۆمەتری و کارتی دەنگدان بووە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەمساڵ وێڕای ئەوەی کۆمسیۆن ڕایگەیاند لە دەرەوەی وڵات هەڵبژاردن ناکرێت، زۆرێک لەوانەشی کە پێشتر بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئەمساڵ کارتی بایۆمەترییان نوێنەکردووەتەوە.

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە بەردەستن، ئاماری بەدەمەوەچوونی نوێکردنەوەی کارتی بایۆمەتری لەهەرێمی کوردستان بەمجۆرەیە:

— پارێزگای هەولێر
یەک ملیۆن و ٢٢٢ هەزار کەس مافی دەنگدانی هەیە، لەو ڕێژەیەش ٧٤١ هەزار و ٥٣٥ کەس بایۆمەترییان نوێکردووەتەوە.

– پارێزگای سلێمانی
ملیۆنێک و ٣٦١ هەزار و ٩٧١ کەس مافی دەنگدانیان هەیە، لەو ڕێژەیەش ٩١٣ هەزار و ١٩٩ کەس کارتی بایۆمەترییان نوێ کردووەتەوە.

– پارێزگای دهۆک
٨٢٧ هەزار و ٦٥٨ کەس مافی دەنگدانیان هەیە، لەو ڕێژەیە ٥٨٣ هەزار و ٢١٦ بایۆمەترییان نوێکردووەتەوە.

لە کۆی پرۆسەکە لە عێراقدا، ٢٥ ملیۆن و ١٣٩ هەزار و ٣٧٥ کەس مافی دەنگدانیان هەیە، لەو ژمارەیەش تەنها ١٦ ملیۆن و ٢٥ هەزار و ٩٠٩ کەس بایۆمەترییان نوێکردووەتەوە.

بەپێی ئەم ئامارانە، ئەمساڵ ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هاوڵاتیانی عێراق بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەو پێیەی هەموو ئەوانەشی بایۆمەترییان نوێکردووەتەوە مەرج نییە دەنگ بدەن، چونکە بەتایبەت فەرمانبەران و هێزە ئەمنییەکان ناچارکراون بایۆمەتریی نوێ بکەنەوە.

لێرەدا هاوڵاتیانی سلێمانی دەدوێنین، ئەوانیش بۆچوونی خۆیان دەربارەی هەڵبژاردن دەخەنەڕوو.

عەلی محەمەد، هۆکاری بێمتمانەیی خەڵک بەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان دەگێڕێتەوە، پێشیوایە هیچ کار و بەرنامەیەکی ئەوتۆیان بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان نەکردووە تاکو ئەوانیش متمانەیان پێبەکەن.

ئەو هاوڵاتییە لە وەڵامی پرسیاری چۆن متمانەی هاوڵاتیان دەگەڕێتەوە بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکان؟، گوتی: پێویستە بەرنامەی چاک هەبێت و کار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی هاوڵاتیان بکرێت، بەو بەرنامانە و پرۆگرامی جیاواز متمانەی خەڵک بە دەستبهێننەوە.

محەمەد عەبدولقادر هاوڵاتیەکی دیکەیە و پێیوایە، لە وڵاتە دیموکراتخوازەکاندا پرۆسەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکە کە بە پاکی و بەبێ فرتوفێڵ بەڕێوەدەچێت، بەڵام "لای خۆمان بۆ گەیشتنە بە کورسی دەسەڵات و مەرامی سیاسی، هەر بۆیە خەڵکی چاویان کراوەتەوە و بڕوایان بە بانگەشەکان و پرۆسەی هەڵبژاردنیش نەماوە".

ئەم هاوڵاتییە دەڵێ خۆی بڕوای بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، دەشڵێت: ئەوانەشی بڕوایان بە پرۆسەی دەنگدان و سیستمی هەڵبژاردن هەیە لایەنگری حزبە دەسەڵاتدارەکانن و ئەوانەن کە لە حزبەکانیان سوودیان بینیوە و بەرژەوەندییان لەگەڵیاندا هەیە.

جێی ئاماژەیە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق، سەرەتای مانگی ١ی ئەمساڵی بۆ نوێکردنەوەی تۆماری بایۆمەتری دیاریکرد، بڕیار بوو لە ١ی نیسانی ساڵی٢٠٢١ کۆتایی بێت، دواتر بەبڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیاران ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری بایۆمەتری تاکو ڕۆژو تا ١٥ی نیسانی ساڵی ٢٠٢١ درێژکرایەوە.

"ڕۆژ بەڕۆژ بێمتمانەیی هاوڵاتیان بەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتر دەبێت، بە جۆرێك لە نێوان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە تا ساڵی ٢٠١٨ ڕێژەی دەنگدان ٣٦٪ کەمیکردوە"



محەمەد حەسەن، هاوسەرۆکی شارەوانی قەندیل بۆ (شکۆی کوردستان):

# حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هاوکارییەکمان ناکات



چاوپێکەوتن/ شکۆی کوردستان

محەمەد حەسەن، هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیل لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (شکۆی کوردستان) دا ئاماژە بەوەدەکات، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییان ناکات و بۆردومانیشی کردۆتە بیانوی ئەنجامنەدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاریی، باس لەوەش دەکات کە بەهۆی هاوکارییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان خەرجی شارەوانی و کارەمەندەکانمان دابیندەکەن.

شکۆی کوردستان: شارەوانی بناری قەندیل لەساڵی چەند دامەزراوە و سنوری شارەوانییەکە چەند گوند لەخۆ دەگرێت؟

محەمەد حەسەن: شارەوانی بناری قەندیل ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە، هەروەها سیستەمی شارەوانیمان هاوسەرۆکاتییە و دوو ساڵ جارێک کۆنفرانسی شارەوانیمان بەڕێوە دەچێت. سنوری شارەوانیەکەمان ٦٣ گوند دەگرێتەخۆ، کە دەکەونە چوارچێوەی ناحیەکانی قەسرێ، وەرتێ، سەنگەسەر و ژاراوە.

هەندێک لە گوندەکان بەهۆی بۆردومان بۆ ماوەیەک چۆڵ کران، بەڵام ئێستا بەگشتی هەموو گوندەکان ئاوەدانن، هاوکات ژمارەیەک گوندیشمان هەن کە زۆر ئاوەدانن و ژمارەیەکی باشی هاوڵاتیانی تێدا نیشتەجێن.

شکۆی کوردستان: ئاستی خزمەتگوزارییەکانتان لە بناری قەندیل چۆنە و ئەرک و کاری سەرەکی ئێوە چییە لە سنوری شارەوانیتان؟

محەمەد حەسەن: بێگومان چوارچێوەی کاری سەرەکیمان بریتییە لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ هاوڵاتیان و گوندنشینانی بناری قەندیل کە وەک پێویست خزمەتگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێنەگەیشتوە. بەگشتی شارەوانیمان لە بناری قەندیل ئەو کارانە ئەنجامدەدات؛ پاککردنەوەی زبڵ و خاشاکی گوندەکان، گرنگیدان بە ژینگە و پاراستن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی، گرنگیدان بە ڕێگەوبان و ئەنجامدان و چاککردنەوەی پڕۆژەی ئاودێری و ئاو و ئاوەڕۆ، گرنگیدان بە بوژاندنەوەی کەرتی تەندروستی. بەراورد بە فراوانی سنورەکە و کەمی ئیمکانیاتی ئێمە، ئاستی خزمەتگوزارییەکانمان ئاستێکی زۆرباشە. توانیمانە کێشەی ئاوی خواردنەوە بۆ دەیان گوند چارەسەر بکەین، هەروەها ژمارەیەک پرد و ڕێگەی نوێمان بۆ گوندەکان دروستکردونە، بەگشتی لەبوارە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە ژیانی هاوڵاتیان خزمەتگوزاری زۆرمان پێشکەشکردوە و بەردەوامیش دەبین.

شکۆی کوردستان: هیچ کێشە و گرفتی سەرەکیتان لە گەیاندن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە هەیە؟

محەمەد حەسەن: کێشە و گرفتی گەورەی ئێمە بۆردومانی فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورکیایە کە ڕێگرە لەبەردەم ئاوەدانی و خزمەتگوزارییەکان، زۆرجاریش بۆردومانی تورکیا زیانی زۆری بە پڕۆژەکان گەیاندوین و چەندین جار پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و پرد و ڕێگەوبان بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیاوە خاپور کراون. هاوکات دەمەوێت باس لەوەش بکەم کە خودی حکومەتیش خۆی بۆردومانی کردۆتە بیانو بۆ پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاری بەو ناوچانە. گرفتی دیکەی سەرەکیمان کەمی ئیمکانیات و ئاستەنگکردن و ئابلوقەیە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاستەنگ و کێشەیەکی دیکەی شارەوانیەکەمانە.

شکۆی کوردستان: حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی هیچ هاوکارییەکی مانگانە یان هیچ جۆرە هاوکارییەکتان پێشکەش دەکات؟

محەمەد حەسەن: تاکو ساڵی ٢٠١٧ لە ڕوی سوتەمەنی و کرێکاری گرێبەست پارێزگای هەولێر هاوکاری دەکردین، مووچەی ١٣ کارمەندیان بۆ دابیندەکردین و دەرمان و پێداویستی تەندروستی نەخۆشخانەی گەل-یان دابیندەکرد، بەڵام ئێستا هەموو ئەو هاوکارییانە بڕاون و هیچ هاوکارییەکمان ناکەن. لە ئێستادا پەیوەندی و هەماهەنگیمان لەگەڵ ئیدارەی ڕاپەڕین باشە، بەڵام وەک هاوکاری مانگانە یان هاوکاری بۆ خەرجی کار و پڕۆژە و پێداویستییەکان هیچ هاوکارییەک ناکرێین لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق-یشەوە. تەنانەت لەکاتی ڕودانی لافاویش لە ساڵی ٢٠١٨ حکومەتی هەرێمی هیچ پڕۆژەیەکی چاکنەکردەوە کە بەهۆی لافاو وێران ببون، ئێمە خۆمان پڕۆژەکانمان چاککردەوە.

شکۆی کوردستان: چۆن موچەی کارمەندەکانتان و خەرجی شارەوانییەکەتان دابیندەکەن؟

محەمەد حەسەن: کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) مانگانە هاوکارییەکمان دەکات بۆ خەرجی و پێداویستی ئامێرەکان و سوتەمەنی و کرێکارانی شارەوانی بۆ خزمەتکردنی ناوچەکە.

شکۆی کوردستان: پیشەی سەرەکی خەڵک زیاتر چییە و چۆن بژێوی خۆیان دابیندەکەن؟

محەمەد حەسەن: بە گشتی ژیانی

> ❝ بەگشتی ژیانی
> خەڵکی بناری قەندیل
> لەسەر ئاژەڵداریی،
> باخەوانی، کشتوکاڵ،
> هەنگ و بەرهەمە
> سروشتییەکانە،
> بەڵام بەردەوامی
> بۆردومان کێشەی زۆری
> دروستکردوە و ناتوانن
> بە باشی و بێترس
> و دڵەڕاوکێ کاری
> خۆیان بکەن، چونکە
> بەردەوام مەترسی
> بۆردومانیان لەسەرە ❞

خەڵکی بناری قەندیل لەسەر ئاژەڵداری، باخەوانی، کشتوکاڵ، هەنگ و بەرهەمە سروشتییەکانە، بەڵام بەردەوامی بۆردومان ژیانی کێشەی زۆری دروستکردونە و ناتوانن بە باشی و بێترس و دڵەڕاوکێ کاری خۆیان بکەن، چونکە بەردەوام مەترسی بۆردومانیان لەسەرە.

کاوە نەجیم، سەرۆکی شارەوانی قەزای سۆران بۆ (شکۆی کوردستان):

# هیچ هێزێک نییە بتوانێت 100% زێدەڕۆیی بوەستێنێت



چاوپێکەوتن/ شکۆی کوردستان

کاوە نەجیم، سەرۆکی شارەوانی سۆران لە چاوپێکەوتێنێکدا لەگەڵ (شکۆی کوردستان) دا ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی قەیرانی داراییەوە ژمارەیەک پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی لە قەزاکە وەستاون؛ هاوکات لەبارەی زێدەڕۆییش لە سۆران، دەڵێت: "٩٠٪ی زێدەڕۆییان کۆنترۆڵ کردوە، بەڵام هیچ هێزێک نییە بتوانێت ١٠٠٪ زێدەڕۆیی بوەستێنێت".

شکۆی کوردستان: وەک شارەوانی سۆران لەو وەرزی بەهارو هاوینە کە زێدەتر پڕۆژەکان لەو وەرزە ئەنجامدەدرێن، بەرنامە و پڕۆژەی ئەمساڵتان چییە بۆ سنوری قەزای سۆران؟

کاوە نەجیم: وەک شارەوەانی سۆران کۆمەڵێک دەرخستە و پڕۆژەمان داوەتە سەروی خۆمان و چاوەڕێی وەڵامین، بێگومان وەڵامی هەر پڕۆژەیەک بگەڕێتەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تائێستا ڕون نییە کە ڕەزامەندی کام پڕۆژە دەگەڕێتەوە و خەرجی و تێچوی دارایی کامیان ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت. بە دڵنیاییەوە لەو دوو وەرزە-ش کە بۆ ئێمە وەرزی کار و پڕۆژەکانە، بێگومان ژمارەیەک پڕۆژە ئەنجامدەدەین.

شکۆی کوردستان: بەلای ئێوە چ پڕۆژەیەک زۆر گرنگە کە دەتانەوێت ئەنجامیبدەن؟

کاوە نەجیم: ئەولەویەت و گرنگترین پڕۆژە بەلای ئێمە و هەموو شارەوانییەکان پڕۆژەی شەقام و ڕێگەو بانەکانی ناو شار و دەرەوەی شارن، بەتایبەت ڕێگە جوتسایدەکان بۆ ئێمە زۆر گرنگ و پێویستن، ئەویش بۆ ئەوەی کە شار توشی خنکان نەبێت.

شکۆی کوردستان: چ پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی لەدوای قەیرانی دارایی لە سۆران وەستاوە؟

کاوە نەجیم: لەدوای قەیرانی دارایی ژمارەیەک پڕۆژە لە شارەکەمان وەستاون، بەڵام ئەوەی کە زۆر بەلای ئێمەوە گرنگە پڕۆژەی ریسایکلینی سۆرانە کە هەر چوار قەزای دەڤەرەکە لێی سوودمەند دەبن و دەبێتە مایەی پاکڕاگرتنی ژینگەی دەڤەری سۆران. ئەو پڕۆژەیە بەهۆی گرفتی داراییەوە کارکردن تیایدا سست بووە، بەهیوای ئەوەین بتوانین ئەو پڕۆژە بە زوترین ماوە تەواو بکەین و زاڵ ببین بەسەر ئاستەنگ و بەربوستەکان، بەڵام بێگومان بەگشتی پڕۆژەی زۆرمان هەن کە وەستاون و ناتوانین تەواوییان بکەین.

شکۆی کوردستان: هەندێک گەڕەکی سۆران خزمەتگوزارییان زۆر کەمە، هاوڵاتیان گلەییان لە کەمی خزمەتگوزارییەکان هەیە؟

کاوە نەجیم: بەڵێ، ڕاستە زۆر گەرەکمان لە سۆران هەن کە کێشەی خزمەتگوزارییان هەیە، هەندێک گەڕەکیشمان هەن هەر زۆر پێویستن کە خزمەتگوزارییان بۆ ببەین بەتایبەت گەڕەکی ئیچ قەڵا و قەندیل، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانین وەک پێویست خزمەتگوزاری ئەنجامبدەین. بێگومان ئەگەر بارودۆخی دارایی باش بێت ئەو گەڕەکان و هەموو گەڕەکەکانی سۆران خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجامدەدرێت بەپێی پێویست.

شکۆی کوردستان: هاوڵاتیان دەیانەوێت کە خانوەکانیان نۆژەنبکەنەوە، بەڵام دەڵێن شارەوانی ڕێگەیان پێنادات و بەمەرجی تاپۆکردنی خانوەکانیان ڕێ بە نۆژەنکردنەوە دەدەن، هۆکاری ئەمە چییە؟

کاوە نەجیم: ئەوە ڕاستە دەرفەت نادەین خانوەکانیان نۆژەن یان نوێ و بنیات بنێننەوە ئەویش بەپێی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٩) کە دەڵێت نابێت خانو نۆژەن بکرێتەوە هەتا ئەو کاتەی تاپۆ دەکرێت. لەگەڵ هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی و فراکسیۆنەکانی دیکەش ئەو بابەتە باسکراوە و بڕیارە ئەو یاسایە بگەڕێتەوە پەرلەمان.

شکۆی کوردستان: دروستکردنی خانو بە شێوەی زێدەڕۆیی هەروەها زیدەڕۆییکردن بۆ سەر موڵکی شارەوانی لە سۆران بەتەواوی وەستاوە؟

کاوە نەجیم: هەوڵ و هەنگاو و هیممەتی باشکراوە بۆ کۆتاپهێنانی ئەو گرفتە، بەڵام نایشارمەوە کە هیچ هێزێک نیە بتوانێت ١٠٠٪ زیدەڕۆیی بوەستێنێت، ئەوەی ئێستا هەیە دەتوانم بڵێم کە ٩٠٪ی زیاتری زێدەڕۆیی لە سۆران وەستاوە.

# ئەرمەنەکان چەند داواکارییەکیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە

**ئا: شکۆی کوردستان**

چەند ساڵێکە ئەرمەنەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان خوازیارن پەرلەمانی کوردستان وەک زۆرێک لە پەرلەمانی وڵاتە دیموکراسییەکانی جیهان، لەپێناو ڕێگەگرتن لە ئەگەری دوبارەبونەوەی کوشتار بەرامبەر بەکەمایەتییەکان و بەهێزکردنی پەیوەندی ئەرمینیا و کوردستان، جینۆسایدی ئەرمەنەکان بە فەرمی بناسێنێت.

یروانت نیسان مارکۆس، پەرلەمانتاری پێشووی فراکسیۆنی ئەرمەنی لە پەرلەمانی کوردستان بە ماڵپەڕی ئاوێنەی ڕاگەیاندوە، کە ئەوان شەش ساڵ لەمەوبەر لە سەدەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئەرمەنیەکاندا پرۆژە یاسایەکیان ئامادە کردوە کە ٣٩ پەرلەمانتار واژۆیان لەسەر کردوە و پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردوە بۆ ئەوەی جینۆسایدو کوشتاری ئەرمەنەکان بەڕەسمی بناسێت.

ئەو وتی: "هەمو ساڵێک شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی نیسان، لە کەنیسە ئەرمەنیەکانی دهۆک و زاخۆ ڕێوڕەسمی ساڵیادی جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەکرێتەوە و مۆنیومێنتی جینۆسایدیش لەحەوشەی کەنیسەی ئەرمەنەکان لە دهۆک دانراوە".

یروانت ئاماژەی بەوە کرد کە خۆی یەکێکە لە پاشماوەی قەتڵوعام کراوەکانی ئەرمەن، ئەو وتی: "باپیرم تەمەنی ٩ ساڵان بوە کە لە تورکیاوە بەتەنها ڕویکردوەتە زاخۆ و بنەماڵەیەکی جوامێری ئەو شارە داڵدەیان داوە".

وتیشی: "باپیرم بەتەنیا ئاوارە بوە و نەیزانیوە باوک و دایک و برا و کەسوکاری چییان لێبەسەرهاتوە، تورکەکان کوشتیانن یان لەشەونخونی و برسێتی ڕێگەی دوردا گیانیان سپاردوە، ئەو ونبونەی ونبون ئیتر جارێکیتر هەرگیز نەبینراونەتەوە".

ئەرمەنەکان لە هەرێمی کوردستان زۆربەیان لە دهۆک و زاخۆ نیشتەجێن و چوار کەنیسەیان لەوێ هەیە، کۆنترین کەنیسەیان لە زاخۆیە، لە دوای ڕوداوەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابرد و کە زیاتر لە ١٥٠ خێزانی ئەرمەنی لە موسڵ و بەغداوە ڕویانکردوەتە هەولێر و لەوێ دەژین، کەنیسەیەکیان دروستکردوە.

ئارام شاهین داود باکۆیان، پەرلەمانتاری پێشوتری ئەرمەکان لە پەرلەمانی کوردستان، سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر بەوە دەردەبڕێت کە بۆچی تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان جینۆسایدی ئەرمەنەکانی بەڕەسمی نەناساندوە؟ لەکاتێکدا دەیان وڵات بە فەرمی ناساندویانە، ئەو وتی: "نازانم هۆکاری چییە؟، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی توندوتۆڵی هەرێمی کوردستان بە تورکیاوە!"

سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە ئەرمەنەکان پێیانوایە کوردەکانی سوارەی حەمیدیە بەشداریان لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا کردوە، بەڵام جوامێریی ئەو کوردانەش نادیدە ناگرن کە لەو ڕۆژگارە ڕەشانەدا ئەرمەنەکانیان پاراست، یروانت وتی: "هەمیشە ئێمە ئەوەشمان لەبیرە کە کوردستان باوەشی بۆ کردینەوە و باب و باپیرانمان دیسان لێرەوە خۆیان پێگەیاند". ناوبراو سۆزو خۆشەویستی خۆیان بەرامبەر بەدەوڵەتی ئەرمینیاش دەردەبڕێت، ئەو وتی: "ئێمە ئەرمەنین و دڵسۆزی و خۆشەویستییەکی زۆرمان بۆ ئەرمینیا هەی ەو بەشێک لەخزم و کەسوکارمان لەوێن". وتیشی: "ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین کە پەیوەندی نێوان کوردستان و ئەرمینیا بەهێزتر بکەین و ئەرمینیاش کونسوڵخانەی لە هەولێر کردوەتەوە".




### یروانت نیسان مارکۆس، پەرلەمانتاری پێشوی ئەرمەن لە پەرلەمانی کوردستان بۆ (شکۆی کوردستان):

# ژمارەی ئەرمەنەکانی کوردستان نزیکەی هەزار و 200 کەسن و زۆرترینیان لە سنوری پارێزگای دهۆک دەژین

**ئا/ شکۆی کوردستان**

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (شکۆی کوردستان) یروانت نیسان مارکۆس، پەرلەمانتاری پێشوی ئەرمەن لە پەرلەمانی کوردستان باس لە پێکەوەژیانی ئەرمەن و نەتەوەکانی دیکە لە کوردستان دەکات

> بە ئازادنە مەراسیمە ئایینییەکان و یادکردنەوەی جینۆساید کردنی ئەرمەکان لەو شوێنانەی کە ئەرمەن لێی نیشتەجێن دەکرێت



و دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ کوردەکان بە برایەتی و خۆشەویستی دەژین و هەرگیز وەکو نەتەوەی ئەرمەن کێشەمان نەبوە".

ئەو پەرلەمانتارە، ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێستا ژمارەی ئەرمەن لە کوردستان هەزار تاوەکو ١٢٠٠ کەسن، بەڵام زیاتر لە ٧٠٠ کەسیان لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێن و بە ئاشتی و تەبایی دەژین".

**شکۆی کوردستان: ژمارەی ئەرمەنەکان لە کوردستان چەندە و زیاتر لە چ ناوچە و پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن؟**

یروانت نیسان: ئێستا ژمارەی ئەرمەن لە کوردستان هەزار تاوەکو ١٢٠٠ کەسن، بەڵام زیاتر لە ٧٠٠ کەسیان لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێن، لە سنوری پارێزگای دهۆکیش زۆرتر لە قەزای زاخۆ نیشتەجێن لەگەڵ دو گوندی نیشتەجێی ئەرمەن.

**شکۆی کوردستان: کەی بۆ یەکەمجار ئەرمەنەکان هاتنە کوردستان؟**

یروانت نیسان: پاش جینۆساید کردنی ئەرمەنەکان لەلایەن کۆماری تورکیایەوە ئەرمەنەکان هاتونەتە کوردستانەوە، چونکە ئەرمەنەکان لە سنوری چ دەوڵەتێک نزیکبونایە ئەوا دەچونە ئەو دەوڵەتە، بۆیە بەشێکیان لە ڕێگەی زاخۆوە هاتونەتە کوردستان و بەشێکی تریشیان بۆ ئێران و وڵاتانی دیکە کۆچیان کردوە.

ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٨ هاتونەتە زاخۆ، چونکە جیۆساید کردنی ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٨ تاوەکو ١٩٢٠ خایەند.

**شکۆی کوردستان: لەکاتی جینۆساید کردنی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیییەوە، کوردەکان لەگەڵ ئەرمەن هاوسۆز بون و هاوکاریان کردون، ئەو هاوکارییە چۆن دەنرخێنن؟**

یروانت نیسان: ڕۆڵی کورد لە جینۆساید کردنی ئەرمەنەکان بە دو شێواز بوە، یەکەمیان؛ کوردەکان ڕۆڵێکی خراپی کورد بینوە و هاوکاری دەوڵەتی عوسمانیان کردوە بۆ جینۆساید کردنی ئەرمەنەکان، لەوانە ئەو کوردانەی لە سوارە حمدییە بون، ڕۆڵی خراپیان بینی، بەڵام دووەمیان؛ ئەو کوردانەی لە هەرێمی کوردستاندا بونە هاوسۆز بون لەگەڵ ئەرمەنەکان و هاوکاری زۆری ئێمەیان کردوە کاتێک بەشێک لە ئەرمەنەکان لە ڕێگەی زاخۆوە هاتونەتە کوردستان ئەوان لەخۆیان گرتون بۆیە مانەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی بەو هاوکارییەوە هەیە.

بۆیە ئێمە ئەو هاوکارییە هەرگیز لەبیر ناکەین و نەوە دوای نەوە دەگێڕینەوە کە کوردانی هەرێمی کوردستان چەندە دڵسۆز بون لەگەڵ ئەرمەنەکان؟.

شکۆی کوردستان: دوای دروستبونی **هەرێمی کوردستان و کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ کێشەیەک بۆ ئەرمەن دروستکراوە؟ ئاستی پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

یروانت نیسان: ئەرمەن لە کوردستان هەرگیز کێشەی نەبوە و پێکەوەژیانی ڕاستەقینە لەنێوان کورد و ئەرمەن و تورکمان و نەتەوەکانی دیکە هەیە، ئەرمەن هەمیشە خۆی بە نەتەوەی ڕاستەقینەی کوردستان دەزانێت، بۆیە وەکو نەتەوە هەرگیز کێشەمان نەبوە لە کوردستان.

**شکۆی کوردستان: خوێندن بە زمانی خۆتان و مەراسیمە ئایینەکان بە ئازادانە لە کوردستان ئەنجامدەدەن؟ هیچ کێشەیەکتان لەوبارەیەوە بۆ دروستناکرێت؟**

یروانت نیسان: بەڵێ، بە ئازادنە مەراسیمە ئایینییەکان و یادکردنەوەی جینۆساید کردنی ئەرمەکان لەو شوێنانەی کە ئەرمەن لێی نیشتەجێن دەکرێت، بەڵام بەهۆی ڤایرۆسی کۆڕۆناوە دو ساڵە نەمانتوانیوە بەشێوازێکی گەورە بکەین. ئێمە لەگەڵ کوردان بە برایەتی و خۆشەویستییەوە بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵە دەژین و هەرگیز هەستمان نەکردوە خەدرمان لێ دەکرێت، ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەیە لە کەم شوێنی جیهان هەیە.

**شکۆی کوردستان: کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەرمەن لە هەرێمی کوردستان بەلای ئێوە چی دەگەیەنێت؟ دڵخۆشن بە کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەرمەن؟**

یروانت نیسان: دەبو کونسوڵخانەی ئەرمەن زۆر زوتر لە کوردستان بکرێتەوە، ئێستا بە کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەرمەن زۆر دڵخۆشین، هەڵبەت کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەرمەن لە کوردستان جیاوازی زۆری لەگەڵ کونسوڵخانەکانی دیکە هەیە، بۆچی؟ چونکە لە کوردستان نەتەوەی ئەرمەن دەژیت، کونسوڵخانەی

> ئەرمەنەکان لە ساڵی 1918 هاتونەتە زاخۆ، چونکە جیۆساید کردنی ئەرمەنەکان لە ساڵی 1918 تاوەکو 1920 خایەند

زۆربەی وڵاتان بۆ کاری بزنس هاتون، بەڵام ئەوەی ئەرمەن جیاوازە چونکە هاوڵاتی ڕەسەنی ئەرمەن لێرە دەژین.


داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە نوێنەرایەتی خۆی لە ئەرمینیا بکاتەوە، چونکە نزیکەی ٤٠٠ خوێندکاری کورد لە ئەرمینیا دەخوێنن، بۆیە دەتواندرێت بە کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم خزمەتی زیاتری خوێندکاران بکرێت.

شکۆی کوردستان
ژمارە (١٢) ٢٨ی نیسان ٢٠٢١

# قسەیەک بۆ یادی رۆژنامەگەری کوردی







عارف قوربانی

بەو پێیەی سێ بەشی ژیانم لەنێو راگەیاندن و بێنەو بەردەو ژاوەژاوی نێو میدیای کوردی بەسەر بردووەو تێکرا نزیکەی ٢٠ ساڵە لەم بوارەدا کاردەکەم ، بەحەز و خواستی خۆم لە تەمەنێکی کەمەوە تێکەڵ بەبواری میدیا و کاری رۆژنامەوانی بووم ، لەبەر یەم هۆکارە بە مافی خۆم دەزانم سەرنجێک لەبارەی یاد و رەوشی رۆژنامەگەری کوردی بنوسم...

سەرەتا بەداخم بۆ یەو رەوشە خراپەی رۆژنامەگەری کوردی تێی کەوتووە، ناتوانیت نیگەران نەبیت کاتێک دەبینیت پێگەی رۆژنامەگەری لە کوردستان لە بازنەیەکی داخراوی تارادەیەک چەقبەستودا دەسورێتەوە، پاش دەیان ساڵ هێشتا نەمان توانیووە رێڕەوێک بدۆزینەوەو هەنگاوی گەورە و بنیاتنەر بنێین و میدیای کوردی بخەینە سەر شارێی میدیای سەنگین و خاوەن پێگەی راستەقینە، تا یێستا نەمان توانیووە هەنگاوێک نزیک بکەینەوە لەو بەرەوپێشچونەی کە میدیای جیهانی ساڵانێکی زۆرە پێی گەیشتووە، زۆربەمان هەست بە کەلێن و کەموکورتییەکان دەکەین بەڵام بەکاریگەری یەو دۆخەی کە ساڵانێکە هەرێمی کوردستانی تێدایە و بەهۆکاری گێژاو ژینگەی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و لێکەوتەکانی جەنگ و کاولکاری و سڕینەوەی یەکتر چاومان لە باشکردنی دۆخی میدیا نوقاندووە و کوێرانە لەگەڵ یەو خواست و شەپۆلەدا دەڕۆین کە بەپلان یامانجیەتی میدیایی کوردی لە هەمان بازنەدا خول بخوات و دەرفەتی یەوەی نەبێت رێڕەوی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە.

لەکاتێکدا رۆژنامەنوسان لەسەر کەیسی یاشکراکردن و گواستنەوەی راستیەکان بۆخەڵک تیرۆر دەکرێت و بەشێکی تریان بەپاساوی بەزاندنی (یازادی رۆژنامەوانی) لە زیندان توند دەکرێن ، هیچ هیواو یومێدێک ی یەوتۆ بۆ بەرەوپێشچونی بواری رۆژنامەوانی لەم نیشتیمانەی خۆمان بەدی ناکرێت، لەدوای راپەڕین یومێدێک هەبوو میدیا رۆڵی راستەقینەی خۆی ببینێت و چەند هەنگاوێکی بچوک نرا، بەڵام هەر زوو یەو هەنگاوە کەوتە بەر هەڕەشەی سیاسییە بەرژەوەندی خوازەکان و میدیایان کردە داردەست و دەستەمۆی خواستەکانیان و داپۆشینی عەیب و عارەکانیان.

پاش ١٢٣ ساڵ تەمەن یێستا رەوشی میدیا لە کوردستان لە ناوەڕۆک و پەیامدا لەو پەڕی خراپیدایە ، ناکرێت میدیاکاران لەنێوان دووڕیانی چاککردن و پەراوێز خستن رێگەی دووەم هەلبژێرن بەڵکو دەکرێت هەموان بە بوێری و بەدەنگی بەرز یەو دۆخە رەتبکەینەوە کە میدیای کوردی پێیدا تێپەڕ دەبێت ، هەق وایە بۆ مێژوو بەرپرسیارییەتی یەم قۆناغە هەڵبگرین و رۆڵی گرنگی خۆمان ببینین لە راستکردنەوە و سەرپێ خستنی باری لار رۆژنامەگەری کوردی و کەسانێک نوێنەرایەتی یەم بوارە نەکەن کە لە بازنە و گۆماوی بەرژەوەندیی خۆیاندا مەلە دەکەن.

لەلایەکی تر کاتێک میدیا دەبێتە کەرەستەیەک بەدەستی بەشێک لە سیاسییەکان و کەسانی یاست نزم و بێ مۆڕاڵ بۆ بەدیهێنانی یامانج و کاری نارەوای تاقمێک کە جگە لەبەرژەوەندی و بازرگانی خۆیان بیر لە بنەماکانی مرۆڤ بون و یازادی رادەربڕین و سودی گشتی ناکەنەوە ، یەو دەمە (میدیا)کاری دەبێتە پەردەپۆشکردن و میکیاژکردنی کارە قێزەون و ناشایستەکانی نێو کایە جیاکانی ژیان بۆ یامانجێکی دیارکراو، لەم دۆخەدا دەبێت هەر چاوەڕێی یەوە بکەین وەک کەشتی چارۆکەدار رەشەبایی رەشی رۆژگار یاراستەی بکات نەک لۆژیک و یەخلاق و بنەماکانی کاری رۆژنامەوانی.


لەنێو یەم گێژاوەدا هێشتا یومێدمان وایە یەگەر تروسکاییەکی کەم مابێت بۆ گەڕانەوەی پێگەی راستەقینەی رۆژنامەگەری کوردی لەبار نەبرێت و پێکەوە یەوانەی قەڵەم و ویژدانی خۆمان نەفرۆشتووە کارێک بکەین کەمێک نرخ و پێگە بۆ بوارەکە بگەڕێنینەوەو رێگە نەدەین لەمە زیاتر پیشەیەک کەلەسەر یاستی دونیا پێگەو ناوبانگێکی کاریگەر و گەورەی هەیە، لە کوردستان بەم جۆرە بێ بایەخ بکرێت و رۆژ لەدوای رۆژ پێگە و کاریگەری لاواز و دەستەمۆ بکرێت .

**ل کاتێک میدیا دەبێتە کەرەستەیەک بەدەستی بەشێک لە سیاسییەکان و کەسانی یاست نزم و بێ مۆڕاڵ بۆ بەدیهێنانی یامانج و کاری نارەوای تاقمێک کە جگە لەبەرژەوەندی و بازرگانی خۆیان بیر لە بنەماکانی مرۆڤ بون و یازادی رادەربڕین و سودی گشتی ناکەنەوە**

بەشێک لەو سەرگەردانییەی کە میدیای کوردی تێی کەوتووە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و بۆری میدیاکان و دابەشبونیان بەسەر بەرژەوەندی حزبی و کەسی و یایدۆلۆژی، هەریەکەو لەڕوانگەی بەرژەوەندی خۆی چەپۆکێک لە میدیا دەدات و سەر کزو زەلیلی دەکات، یەم هۆکارانە وای کردووە راگەیاندنی کوردی بەردەوام لە قەیرانێکی دروستکراودا بێت و بچێت، کارەساتە گەورەکەش لێرەدایە بەشێک لە میدیا بەپلان سەرقاڵی بنکۆڵکردنی یەخلاق و دابونەریت و کلتوری کوردەوارییەو دەیانەوێت کۆمەڵگە لە رەگەوە لە هەموو بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و رەوشت بەرزی دابماڵن.

هاوشێوەی زۆرێک لە سێکتەر و لایەنەکانی تری ژیان بواری رۆژنامەگەریش لە کورستان لەچەقی گێژاوێکی قوڵدایەو پێویستی بە شۆڕشێکی رۆشنبیری و کلتوری گەورە هەیە ، هەرکات گەیشتینە یەو یاست و قۆناغە دەتوانین شانازی بە خۆمان و پیشەکەمانەوە بکەین ، لەدڵەوە دەخوازم یەو رۆژە بەچاوی خۆمان ببینین .

# (دەستوور) فریادڕەسە!



*کارۆخ خۆشناو

هەرێمی کوردستان (وەک دیفاکتۆ) دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و کۆڕە و بڕیاری (٦٨٨) دروستبو، بەڵام لە رووی یاسایی و دەستوورییەوە (وەک هەرێمێکی فیدراڵ) دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و دواتر نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) بە فەرمی دانی پێدانرا، هەروەک لە بەندی پێنجەمی دەستووری نوێی عێراقدا و لە ماددەکانی (١١٧ و ١٢٠ و ١٢١) ئاماژە بە مافەکانی هەرێم کراوە، بەتایبەت لە ماددەی (١٢٠) دا دەڵێت:

"هەرێم دەستوورێک بۆخۆی دادەڕێژێت، هەڕەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتانە دیاریدەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا"

پێموایە ئێستا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان نەبوونی دەستوورێکی هاوچەرخ و دادپەروەرە کە ئەرک و ماف بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکات و لەژێر سایەیدا هەموو دامودەزگا مەدەنی و سەربازییەکان رێکبخرێن و سنوور بۆ هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) دابنرێت لە پێناو گەیاندنی کەشتی هەرێمی کوردستان بە کەناری ئارام، هاوشێوەی (هەرێم و وڵاتە) پێشکەوتووەکانی جیهان، واتە دەستوورێک لە پێناو رێگریکردن لە گەندەڵی و بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێک کە دەرفەتی کاری یەکسان بۆ سەرجەم دانیشتووانی هەرێم بڕەخسێنرێت و ئەرک و ماف بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکات، بە بێ رەچاوکردنی جۆری رەگەز و رەنگ و ئایین و نەتەوە و ئایدیۆلۆژیا.

نزیکەی سێ هەفتەی دیکە ئەو ماوەیە تەواو دەبێت، کە پەرلەمانی کوردستان دیاریکردبوو بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێم تاکو بۆچوون و سەرنجەکانیان سەبارەت بە تەواوکردنی پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم دەرببڕن، لێرەدا پێویستە ئەم پرسە زۆر بە گرنگییەوە وەربگیرێت، چونکە دەستوور (گرێبەستێکی کۆمەڵاتییە و دایکی هەموو یاساکانە) ئەگەر پرۆژەکە تەواو بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردن، ئەوا دەبێتە فریادڕەس بۆ چاککردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، بە مەرجێک هەموو لایەنەکان بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بێنە پێشەوە، تاکو هەوڵبدرێت (دەستووری هەرێم) بکرێتە ڤاکسینی پەتای (پەرتەوازەیی کوردستان) بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر ئاستەنگەکانی ئەم قۆناغە هەستیارە، چونکە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە پەتای (پەرتەوازەیی کوردستان) ترسناکترە لە پەتای (کۆرۆنا).

لەم قۆناغەدا گرنگە ئێمەی کورد سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەربگرین و ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بە هۆی نووسینەوەی (دەستوور)ەوە توانیویانە بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بن و کۆدەنگی دروست بکەن و سەقامگیری بەرپا بکەن، بۆ نموونە سەرەکیترین فاکتەری گەشەسەندن و زلهێزبوون و سەرکەوتنی ئەمەریکا، هەبوونی دەستوورێکی کورت و پوخت و پڕ مانایە، کە تەنیا لە (٧) ماددە پێکهاتووە و لە سەر ئاستی جیهان بە کۆنترین دۆکیومێنتی نووسراوی کارپێکراو هەژمار دەکرێت، کە تەمەنی (٢٣١) ساڵە و تاکو ئێستاش کاری پێدەکرێت.

ئەگەر باوکانی دامەزرێنەری ئەمەریکا زیاتر لە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر توانیبێتیان هەنگاوێکی لەم شێوەیە بهاوێژن و دەستوورێک بنووسنەوە، بۆچی ئێمەی کورد نەتوانین سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین و هەنگاوێکی لەم شێوەیە بهاوێژین؟

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین وێنەی هەرێمی کوردستان لە رێگای تەواوکردنی پرۆژەی (دەستوور)ەوە جوانتر و گەشاوەتر دەبێت لە ئاستی ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها دەستوورێکی هاوچەرخ رۆڵی فریادڕەس دەبینێت بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێم لە هەموو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بە مەرجێک دەستوورێکی رێزلێگیراو بێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، نەک تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز بمێنێتەوە!

لەم چوارچێوەیەدا ئەرکی سەر شانی هەموولایەکمانە، بە گیانێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە هاوکار و هاندەر بین بۆ نووسینەوەی (دەستوورێکی هاوچەرخ) لە پێناو رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان و سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان.

***سەرۆکی ئەنیستیتۆی توێژینەوەی (ئەمەریکی-کوردی)**

# حەوشەی پشتەوەی هێرشە موشەکییەکان؟



ئاسۆ عەبدوللەتیف

هەر کردەو جوڵەیەکی سەربازیی لە عێراق و کوردستان، بە هێرشەکانی ئەم دواییەی پایتەختی هەرێمی کوردستان و موشەکە درۆنەکانەوە، Drone / الگائرە دون گیار، بێ دودڵی و قوڵایی ستراتیژیی، پەیوەندی بە ئایندەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و دیاریکردنی هێڵ و ستراتیژو سیاسەتی گشتی شیعەوە هەیە لە عێراق. بەکورتی عێراقی سەردەمی جۆ بایدن دەبێت تەواو جیاواز بێت لە عێراقی ترامپ و سیاسەتی پۆپۆلیزمی مالی و دارایی.

ئەمریکا باش دەزانێت حەوشەی پشتەوەی موشەکەکان کوێیە، باش دەزانێ وەکرو هێلانەکەی کامەیە، دەشزانێت موشەکەکان زادەی چین و کێ و چ دەوڵەتێک مۆتیڤی دەکات، وەلێ لە ئێستا ناخوازێت بەری پێ بگرێت، چونکە ئەمریکا دژی شیعە نییە و جوڵەی خۆی دەکات لە نێوان تورکیاو ئێران و لوبنان و سوریاو پێویستی بە کردنەوەی بەرەی شەڕ نییەو ئەم شەڕە بچوکانەی میلیشیاکان هێزی ئەوەیان نییە رای گشتی دروست بکەن و ستراتیژی ئەمریکا بگۆڕێت بەرامبەر بە پێڕاکێشی و سەرکێشی هەندێک ئەقتابگەلی میلیشیایی شیعیی دەبێت کوردیش پەرچەکرداری نەبێت لەبری ئەوە گفتوگۆی نەرم چارەسەرە تاوەکو زۆرترین کورسی ئاییندە مسۆگەر بکات. ئەو موشەکانە دەزانین روخێنەر نین وەلێ دەبێ ستاتۆی هەرێم بەهێزتر بکات، وەک ئەو فیشەکەی گەر نەتکوژێت دەبێ بەهێزترت بکات.

ئەمریکا ئێستا لە گفتوگۆو دیالۆگی ستراتیژیی و جدیدایە لەگەڵ ئێران و عێراق دژی رەفتارو سلوکی هەندێک سەرکێشی و گروپگەلی دەستڕۆشتوی ستەمکاری شیعە لە ناوچەکە.

ئەوەش دەزانن کە ئەو شیعانەی ئێستای عێراق درێژکراوەو ئیمتیدادی وڵاتانی دیکەن و گەراکانی هی جێگای ترن بە نمونەی رەبعەڵڵاو عەسائیب و حیزبوڵڵاو نوجەباو چەندین گروپگەلی تر، بۆیە ئەمریکا موشەک بە موشەک وەڵام ناداتەوە بەڵکو شوێن پێی موشەک هەڵدەگرێت. لە ئەساسەوە گەرەکیەتی مۆدێلەکە دەستکاری بکات بەو موشەکانە. ئەمریکا باشتری لەم شیعەیەی ئێستا دەوێت، شیعەی کۆپی ناوێت وەک سەرئێشە شیعەی دیسپلینخوازو خاوەن بڕیاریی دەوێت.

راستە ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە ئەم دەوڵەتە مەزهەبیانە لاوازتربکات بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لە شەڕی گەورەتری ناوچەکە بە سعودیەو تورکیاشەوە،ئەگینا ئەمریکا بۆ ئێران یان تورکیا هەم هاوپەیمانەو هەم نەیار، دەتوانێ بە ئاسانی داشەکان بگۆڕێت.

ئەمریکا ئەزانێت حەوشەی پشت رۆکێت و درۆنەکان کوێیە، گفتوگۆی لەتەک دەکات، یاری دەکات لە جێگایەک، بۆ ئەوەی جوڵەو گوشار بکات لە جێگایەکی تر، شکۆی لە جێگایەکەو ئابوریی لە جێگایەکی تر، پێکەنین و گریانی وەک یەکە، دەوڵەتی کەسایەتی نییە، ئەمریکا مۆدێلت بۆ ناگۆڕێت بۆت پێشنیار دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ قەیران بکەیت وەک ئەوەی لە ئەفگانستان و سوریاو رۆژاڤا کردی، زاکیرەی کۆن و نوێی ئێمە هێشتا بەرگرییە لە سەروەری و ئاڵاو خاک و نیشتیمان، ئەم دۆخە وایکردووە هیچ جۆرە جوڵە و ئاکشنێک وەرنەگرین بە ئاراستەی تاقیکردنەوەی کردەیەکی دیکە، هەموو نەیارەکانی کوردیش هیواخوازن کورد لەم دۆخی بەرگریەدا بمێنێتەوە، هەر بەرگری بکات لە ئاڵاو خاک و سەروەریەکەی دەی چ زیانێکی هەیە؟

کەواتە پێویستە دۆخی بەرگریی و مانەوە بەم فۆرم و میتۆدە بگۆڕین بە شتێکی دیکە کە ئەویش گوشارو مانۆڕی سیاسی و لۆبیکردن و فێڵی سیاسی و خۆبەدەزگاییکردن و تێگەیشتنە لە رێککەوتن و کۆنتراکتەکان و هەڕەشەی موشەکەکان، کوردیش دەبێت تێبگات لە پشت کەوالیسەکانەوە چی روو ئەدات.



# ژن کوشتن

**هونەر سمایل**

ژنکوشتن
نەتەوەیەک
دەناسم ڕەنگاڵەن؛ دەگونجێن بەدڵیان بێت
دەکوژن و شەڕ دەکەن، شتێک بۆ ئەوان
نەبێت
لە بۆنە ئایینەیان، فریشتەن
لە بارِ و قومارخانەکان، سەرخۆشێکی
بێوێنەن
لە نمایشکردن، پۆڕن ستارن
لە نارەزایی، بوێریی سەر شاشەکانن
لە ئاهەنگ و بۆنەکان، سەرمەشقن
لە شەقام کرِ و بێدەنگن
لە ژن کوشتن شەرەفمەندن
لە چاوبازی، هەڵۆی شەنگن
لە خۆخۆری شێرن.... داڵن
لەبەر دوژمن ڕێوین.... بێباڵن
١٩ی نیسانی ٢٠٢١/ بریتانیا

## ئەو خێزانەی ئالوودەبوون بە پۆڕن هەڵیوەشاندەوە



*** دکتۆرە دیلمان ئازاد خۆشناو**

ئەو کچە نەوجەوانەی لە یانەی شەوان، چەندەها جار دەستدرێژیی سێکیی کراوەتەسەر بێیەوەی یاگادار بێت!

– پۆلیس کچێکیان هێنا بۆ پزیشکی دادوەری، تا پشکنینی کچێنی بۆ بکەین، چونکە لە یانەیەکی شەوانە کاریکردوە کە پۆلیسی لێ یاگادارکرابوەوە کە کاری سێکسفرۆشی تێدا دەکرێت!

کچەکە چیرۆکی ژیانی خۆی بەمجۆرە بۆ باسکردین:

"من تەمەنم ١٥ ساڵە، دایک و باوکم بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لەیەکتر جیابونەوە و هەریەکەیان بەرپرسیارێتیی ژیانی خۆی هەڵگرت و کەسیان منیان لە خۆ نەگرت".

ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێیەکی کچەکە وەکو فریادڕەس خۆی پیشاندەدات و دەڵێ: ڕێگەچارەیەکم بۆت هەیە.

"وتی وەرە لەو یانەی شەوانەیە کار بکە کە منی لێم، کێشەی جێگە و ڕێگەی مانەوەت نامێنێ و موچەیەکی باشیش وەردەگریت!" کچە هەڵخەڵەتێنراوەکە وای گوت!

ێستا دەرکەوتوە شەوانە خاوەنی یانەی شەوانەکە یەم کچەی بە دەرمان بێهۆشکردوە و کاری سێکسفرۆشی پێکردوە، لەکاتێکدا یەم کچە تەمەنی یاسایی پێگەیشتویی تەواو نەکردوە و تەمەنی خوار هەژدە ساڵە!

کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ لەڕوی یاساییەوە، یەگەر خۆیشیان ڕازی بە پەیوەندی سێکسی ئەوە هەر بە دەستدرێژی سێکسی لەقەڵەم دەدرێت و تاوانە، چ جای یەوەی بێ ڕەزامەندی و یاگاداری خۆیان و بە بەکارهێنانی ماددەی بێهۆش بێت!

لێرەدا کۆمەڵگە و خێزان دەبێ بزانن هەڵوەشانەوەی خێزانێک چ کارەساتێک دێنێت بۆ منداڵ و نەوجەوانانی یەو خێزانانە و لەوانەیە ژیانیان وێران بکات؟.

هەروەها هاوڕێی بەدخو دەتوانێت داهاتوی منداڵ و نەوجەوان بەوشێوە کارەسات یامیزە تێکبدات و پەلکێشی بکات بۆ کاری نەشیاو.

بازرگانانی سێکسفرۆشی و لەشفرۆشیش سڵناکانەوە لە فرۆشتنی هەست و جەستەی تەنانەت منداڵ و هەرزەکارانیش بۆ پەیداکردنی پارەی زیاتر!

جێی خۆیەتی کۆمەڵناس و دەرونناسان بە جددی یەم حاڵەتانە وەربگرن و ڕێنمایی دەزگا تایبەتمەندەکان و خێزان و تاکەکان بکەن تاوەکو یەم حاڵەتانە نەبنە چیرۆکی ژیانی کەسانی دیکە، چونکە دەکرێت هەر یەم منداڵ و نەوجەوانانە باش یاڕاستە بکرێن و تاکی بەسودیان لێ دەربچێت بۆ خێزان و کۆمەڵگە و نیشتمان.

***پسپۆری پزیشکیی دادوەری و مامۆستای زانکۆ**

## کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەشداریی پێشبڕکێی ئەدەبی دبلن دەکات

**ئا/ شکۆی کوردستان**

ئا/ شکۆی کوردستان
ساڵانە لەشاری دبلن-ی پایتەختی ئایرلەندا، خەڵاتی ئەدەبیی دبلن پێشکەش بە ڕۆمانێکی نووسراو یان وەرگێڕدراو بۆ زمانی ئینگلیزی دەکرێت.
کتێبە بەشداربووەکانیئەم پێشبڕکێیە لە لایەن کتێبخانە گشتییەکانی جیهانەوە هەڵبژێردراون بۆ ڕیزبەندی و بەدەستهێنانی خەڵاتی یەکێک لە شەش کتێبە براوەکە.
ناونیشانی کتێبەکان لەسەر بنەمای شایستە ئەدەبییە بەرزەکان دەپاڵێورێن بەو شێوەی لەلایەن کتێبخانەی کاندید کراوەوە دیاریدەکرێت.
ئەمساڵیش لە خولی ٢٦هەمینی ئەو پێشبڕکێیەدا و بەو پێیەی شاری سلێمانی (شاری ئەدەبیی ڕێکخراوی یونسکۆ)یە، کتێبخانەی گشیی سلێمانی بەشداریی ئەو پێشبرکێ ئەدەبییە جیهانییەی کرد بە دیارییکردنی ڕۆمانی 'the bird king'ی نوسەری ئەمریکی خاتو (ویلۆ ولسن).
ڕۆمانە هەڵبژێردراوەکەی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لەناو کتێبەکانی ١٧٧ وڵاتی جیهاندا پێشبڕکێی ٤٠٠ ڕۆمانی نوسەرانی گەورەی جیهانی کرد و پلەی ٤٩هەمینی بەدەستهێنا و کتێبخانەی گشتیی سلێمانیش لە ڕیزبەندی ٦٩هەمینی ئەو پێشبڕکێیەدا بوو.
ساڵانە خەڵاتی ١٠٠ هەزار دۆلار دەبەخشرێت بە نوسەری کتێبی براوەی پێشبڕکێکە، ئەگەر کتێبی براوە لە وەرگێڕانی ئینگلیزیدا بێت ٧٥ هەزار یۆرۆ دەبەخشرێتە نوسەر و ٢٥ هەزار یۆرۆش دەدرێت بە وەرگێڕەکە.

## هونەرمەندی مەزن عەزیز شاهرۆخی سەرقاڵی بە ئەرشیڤکردنی گۆرانی و موزیکی کوردییە

ئا/ شکۆی کوردستان
هونەرمەندی مەزن و دیاری کورد عەزیز شارۆخی، لە ستۆدیۆکەی لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەرقاڵی بە ئەرشیڤکردنی گۆرانی و موزیکی کوردییە.
عەزیز شاهرۆخی ساڵی ١٩٣٨ لە گەڕەکی "قەبران" (شەقامی وەفایی)ی مەهاباد لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦١ی خوێندنی تەواو کردوە و بۆتە مامۆستا و لە ساڵی ١٩٦٩ دەستی بە کاری هونەری کردوە.
کۆی بەرهەمی هونەریی مامۆستا شاهرۆخی لە ٤٠ ئەلبوم پێکهاتوە کە بە هاوکاریی میوزیکزانانی وەک "جەلیل عەندەلیبی"، "موجتەبا میرزادە"، "سەعید فەرەج پوری" و "مەهدی خوجەندی" ئامادە کراون.
عەزیز شاهرۆخی جگە لە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی، خۆی بەشێکی زۆری شیعری گۆرانییەکانی نوسیوە و ئێستا عەزیز شاهرۆخی لە ستۆدیۆکەی لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرقاڵی بە ئەرشیڤکردنی گۆرانی و میوزیکی کوردییە.



## بەرهەمێکی ڕەحیم زەبیحی خەڵاتی تایبەتی فیلمی نێودەوڵەتی بێدەدرێت

**ئا/ شکۆی کوردستان**

فیلمی دیکۆمێنتی "نانی پیرۆز" لە دەرهێنانی خوالێخۆشبوو "ڕەحیم زەبیحی"، لە بەرهەمهێنانی "توورەج ئەسلانی"، خەڵاتی تایبەتی بەشی پێشبڕکێی سەرەکی شەشەمین خولی فێستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی فیلمی "ئۆلجۆ" لە وڵاتی کۆریای باشووری بەدەستهێنا.

بەڵگە فیلمی "نانی پیرۆز" (نان مقدس) Holy Bread دوایین بەرهەمی سینەماکاری کۆچکردوی کورد "ڕەحیم زەبیحی"، لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد "توورەج ئەسلانی" دەرهێنەر و بەڕێوەبەریی وێنەگرتنی ئەزموونخوازیی سینەمای کوردستان و ئێران و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی "ماد موڤی" MAD Movie؛ لە نوێترین بەشداری نێودەوڵەتی خۆیدا بە نوێنەرایەتی لە سینەمای ئێران، لە بەشی پێشبرکێی سەرەکی شەشەمین خولی فێستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی فیلمی "ئۆلجۆ" Ulju لە وڵاتی کۆریای باشور نمایشکرا و توانی خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی قوتابیانی ئەم ڕوداوە گرنگەی سینەما لەسەر بابەتی "فیلمە شاخاوەییەکان" بەدەستبێنێت.

فێستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی فیلمی "ئۆلجۆ" کە گرنگترین ڕوداویی سینەمایی کیشوەری ئاسیا لەسەر بابەتی "فیلمە شاخاوەییەکان" دێتە ئەژمار؛ شەشەمین خولی بە نمایشی ٣٠ فیلم لە دەرهێنەرانی ١٨ وڵاتی جیهان لە ڕۆژانی ٢ تا ١١ی ئەپرێلی ٢٠٢١ لە شاخ و کێوە بەرزەکانی شاری ئۆلجۆ لە وڵاتی کۆریای باشور بەڕێوەچو.




بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی ئەم بەرهەمە دیکۆمێنتارییە، لە ئەستۆی کۆمپانیای "تسویر گستر الهە پارسی" (ئێلی ئیمەیج) Eli Image بە بەرپرسیارییەتی خاتوو "ئیلاهە نەوبەخت"ـە.

"نانی پیرۆز" لە یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا، لە بەشی پێشبڕکێی "فیلمە نیوە بڵیندەکان" Mid-Length لە سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئەمستردام - "ئیدفا" IDFA لە وڵاتی هۆڵەندا و لە درێژەدا لە بەشی پێشبڕکێی "فیلمە نیوە بڵیندەکان" لە هەژدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی فیلمی دیکۆمێنتاری "بیگ ئسکای" Big Sky لە وڵاتی ئەمەریکا بە ناونیشانی یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی سینەمای بەڵگەفیلمی جیهان نمایشکرا.

ستافی ئامادەکردنی فیلمی دیکۆمێنتی "نانی پیرۆز" بریتین لە: نووسین و دەرهێنەر: ڕەوانشاد ڕەحیم زەبیحی، بەرهەمهێنەر: توورەج ئەسلانی، مونتاژ: ئەمیر ئەدیب پەروەر، دیزاینی دەنگ: مەحمود خورسەند، موزیک: سادق ئازمەند، گۆرانیبێژی تیتراژ: خاتو ژیوار شێخوالئیسلامی، وێنەگرەکان: محەمەد نوری، محەمەد فەکوری، مێهدی ئازادی، سەلاح کەریمی، دەنگهەڵگر: زانیار کاکەخانی، دانانی سەرمایە: حەلیمە ئەحمەدزادە، فریشتە جوغەتایی، دیمەنە تایبەتەکان و چاککردنی ڕووناکی و ڕەنگ: عەلیڕەزا قادری ئەقدەم، بەرنامەداڕێژ و یاریدەدەری دەرهێنەر: عوسمان محەمەدی، فۆتۆگرافەر: فەرید نیکخواە، بەڕێوەبەریی ڕاگەیاندنی گشتیی: مەنسوور جیهانی و مەنووچێهر جیهانی، بەرهەمی هاوبەش: ئیلاهە نەوبەخت، بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی: کۆمپانیای "تسویر گستر الهە پارسی" (ئێلی ئیمەیج)، بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی "ماد موڤی" MAD Movie، ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠٢٠.

# نیشانە پێشوەختەکانی جەڵتەی دڵ چین؟



**ئا: شکۆی کوردستان**

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پێگەی ئێکسپرێسی بریتانی، مارک بیرلروس پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ و لوولەکانی خوێن، هەندێک نیشانەی ناڕونی باسکردوە کە ئاماژەیەکی پێشوەختەیە بۆ ئەگەری ڕودانی جەڵتەی دڵ.

بەوتەی ئەو پزیشکە بریتانییە، هەندێکجار دەرکەوتنی چەند حاڵەتێکی تەندروستیی سادەی وەک بەدهەرسی، ئاماژەیە بۆ ڕودانی جەڵتەی دڵ، بەگشتیش بەدهەرسییەکە قرپەکردن و دڵتێکەڵهاتن و بونی تامێکی تیژی لەدەمدا لەگەڵ دەبێت.

هەروەک بەگوێرەی تۆڕی پزیشکیی تایبەتمەند Medicine Net دڵتێکەڵهاتن و هەستکردن بەناتەوایی گەدە کەمتر باوە، بەڵام یەکێکە لە گریمانەکانی نزیکبوونەوەی نۆرەدڵێ، لەهەندێک حاڵەتیشدا دەکرێت قرپەکردن و دڵتێکەڵهاتن بەیەکەوە بن، هەندێک لە نەخۆشەکانیش باسیان لە حاڵەتی وەک بەدهەرسی پەیوەست بەنۆرەدڵێ کردوە.

لێکۆڵینەوەیەکیش کە لە گۆڤاری پزیشکیی زانکۆی سوڵتان قابوسدا لە عەممان بڵاوکراوەتەوە، قرپەکردن ڕەنگە یەکێک بێت لەنیشانەکانی نۆرەدڵێ.

نیشانەکانی نۆرەدڵێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەڵام ئەو فاکتەرانەی ئەگەری تووشکردن بەحاڵەتەکە زیاددەکەن، بریتین لەبەرزەپەستانی خوێن، جگەرەکێشان، شەکرە، قەڵەویی، سیستەمی خۆراکیی ناتەندروستو زیادەڕەویکردن لەخواردنەوەی ماددە کحوولییەکان، ئەوە جگە لەبوونی مێژووی نەخۆشییەکە لەناو خێزانەکەدا.

# کۆبوونەوەی چەوریی ورگ "مەترسیدارە"



**ئا: شکۆی کوردستان**

دەستەی پزیشکانی نەخۆشییەکانی دڵ لە ئەمریکا داوا لە خەڵکی دەکەن کەمەریان بپێون ئەمەش چونکە بۆیان دەرکەوتوە ئەو کەسانەی قەڵەوی ناوەندی یا شێوە سێویان هەیە زیاتر لە مەترسیی نەخۆشییەکاندان.

پزیشکانی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ لە ئەمریکا دەڵێن بەپێی قەبارەی کەمەر دەتواندرێت ئەوە دیاری بکرێت کە کەسەکە لە مەترسیدایە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ یان نە.

لە ڕاگەیێندراوێکدا دەستەی پزیشکانی نەخۆشییەکانی دڵ لە ئەمریکا بڵاویان کردووەتەوە کۆبوونەوەی قەڵەوی لە ناوچەی ورگ و کەمەر بێ گوێدانە ئەوەی کێشی کەسەکە چەندە مەترسییە بۆ نەخۆشییەکانی دڵ.

د. ڕۆبێرت ڕۆس، توێژەر لەبواری نەخۆشیی قەڵەوی لە زانکۆی کوینز لە کەنەدا دەڵێت، پێویستە لەمەودوا پزیشکانیش کە نەخۆشەکانیان دەبینین لە جیاتی پێوانەکردنی کێشی جەستەیان بە گشتی دەستبکەن بە پێوانی چێوەی کەمەری کەسەکە.

د. ڕۆبێرت ڕوونیدەکاتەوە ئەوانەی هەمو قەڵەوییەکەیان لە ناوچەی ورگ و کەمەردا کۆبووەتەوە زیاتر لەبارن بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی شەکرە، دڵ و مردنی پێشوەختە، ئەم مەترسییە کەمترە بۆ ئەوانەی قەڵەوییان شێوە هەرمێیە ئەمەش واتە قەڵەوییەکەیان لە ناوچەی خوار حەوز کۆبووەتەوە.

پێشووتریش چەندین توێژینەوە لەبارەی قەڵەویی لە ناوچەی ورگدا ئەنجامدراون و دەریانخستووە قەڵەوی ورگ مەترسیدارە بۆ تووشبوون بە چەندین نەخۆشیی.

# هەفتانە ملیۆنێک و 600 کەس لە ئەوروپا توشی کۆرۆنا دەبن

**ئا: شکۆی کوردستان**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕایدەگەیەنێت، ڕەوشی ئەوروپا بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە مەترسیدارە و هەفتانە یەک ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس توشی ڤایرۆسەکە دەبن.

هانز کلەوج، بەڕێوەبەری نوسینگەی ئەوروپا لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕایگەیاند، گیان لە دەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کیشوەری ئەوروپا، یەک ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە و ڕەوشەکە مەترسیدارە.

وتیشی: "هەفتانە یەک ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس توشی ڤایرۆسەکە دەبن، کە بۆ هەر خولەکێک دەکاتە ١٦٠ کەس. لە بارەی ڤاکسینی ئەسترازینیکاشەوە وتی، گومانی تێدانییە کە ڤاکسینەکە چالاکە دژی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا و لە ئێستاشدا مەترسییەکانی خوێن مەیین لەو کەسانەی توشی کۆرۆنا دەبن، زۆر زیاترە بەراورد بەو کەسانەی ڤاکسینی ئەسترازینیکا وەردەگرن.



# ملیۆنێك و 241 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان هیچ کارێك ناکەن



**ئا: شکۆی کوردستان**

لە هەرێمی کوردستاندا یەک ملیۆن و ٢٤١ هەزار کەس هیچ کارێک ناکەن، لەو ڕێژەیەدا ٧٥٪یان ئافرەتن. بەرپرسێکی حکومەتیش ئەمە بە مەترسی ناودەبات.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەک ملیۆن و ٢٤١ هەزار کەس لە کوردستان هیچ کارێک ناکەن، کە تەمەنیان لەنێوان ١٥ بۆ ٦٥ ساڵی دایە، لەو ڕێژەیە ٧٥٪یان لە ئافرەتان پێکدێت.

بەپێی ئامارەکانی دەستەی ئامار، بێکاری لەنێو ژن و ئافرەتانی کوردستان زیادی کردووە، بەجۆرێک بانکی نێودەوڵەتی لە کوردستان دەریخستووە تەنیا ٢٪ی ژنان لە کەرتی تایبەت و ١٤٪یان لە کەرتی گشتی کاردەکەن.

کارنەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیان لەکاتێکدایە، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەبێ ئاوارە و پەنابەران بۆ ساڵی ٢٠٢٠، پێنج ملیۆن و ٧٧٤ هەزار کەسە. هاوکات مەزەندە دەکرێت بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بۆ ٦ ملیۆن کەس بەرزبێتەوە.

زاگرۆس فەتاح، بریکاری وەزیری پلاندانان ڕاگەیاند: "کارنەکردنی ئەو ژمارە زۆرە لە هاووڵاتیان نە لە کەرتی گشتی و نە لە کەرتی حکومی مەترسی و کێشەیەکی گەورەیە و بەراورد بە وڵاتان جیهان و تەنانەت دەوروبەری کوردستان".

ئەو بەرپرسەی حکومەت ئاماژەی بەوەش کرد، ئەو کەسانە پێیاندەگوترێت "ناچالاک و کێشە بۆ کۆمەڵگە و حکومەتیش دروستدەکەن، بەداخەوە لەو ڕێژەیە زۆرتر لەنێو ئافرەتاندایە. لە کوردستان ژمارەیەک ئافرەت لە کەرتی پەروەردە و تەندروستی و بانکەکان کاردەکەن، بەڵام ئەوە جێگەی دڵخۆشی نییە ".

# عێراق داوا دەکات هێنانی کرێکارانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان سنوردار بکرێت



**ئا: شکۆی کوردستان**

وەزارەتی کاروباروی کۆمەڵایەتی عێراق، داوای سنووردارکردنی هێنانی کریکار و دەستی بیانی لە حکومەتی هەرێم دەکات و سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش رایدەگەیەنێت، دەبێت ئەولەویەت بۆ کارمەند و کرێکاری ناوخۆیی بێت و هێنانی کرێکاری بیانی کەمبکرێتەوە.

لە کۆتایی ساڵی رابردوودا، عادل ڕەکابی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق لەگەڵ ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمدا کۆبووە و ڕەکابی داوایکردووە هەرێم ڕێگە نەدات بەشێوەیەکی نایاسایی کرێکاری بیانی لە سنوورەکانەوە بێنە ناو عێراقەوە و مافی مانەوەش تەنبا بدرێتە ئەوانەی کە سوود لە پسپۆڕییەکانیان وەردەگیرێت.

وەزیری کاری عێراق بە وەزیری ناوخۆی ڕاگەیاندوە: هاتنی کرێکاری بیانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هێزی کاری نیشتمانی دروستکردوە و بەشداریان لە وەرگرتنی هەلی کاری ناوخۆیدا لەسەر حسابی کرێکاری خۆماڵی کردوە و دەبێت ڕێگەیەک بۆ هاتنەناوەوەیان بەشێوەیەکی نایاسایی ڕێگەی لێی بگیرێت.

حکومەتی عێراق داوای لە هەرێم کردوە، یاسای تایبەت بە کرێکاری بیانی کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە ئەنجومەنی نوێنەران تایبەت بە کرێکاران دەرچوە، لە هەرێم کاری پێبکرێت بەشێوەیەک بۆ ئەو مەبەستە یاسای ڕەخساندنی هەلی کار بە ٥٠٪ بۆ ناوخۆیی و بیانی بخرێتەوەگەڕ و مافی نیشتەجێبوونیش لەهەرێمەوە تەنیا بەو کرێکارانە بدرێت کە سوود لە پسپۆڕییەکەیان لە بازاڕی کاری عێراقیدا وەردەگیرێت.

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی داکۆکیکردن لە کرێکارانی بیانی، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان سەرووی ٢٥ هەزار کرێکاریی بیانی بوونیان هەیە، زۆربەی ئەو کرێکارانە لە وڵاتانی ئاسیاوە هاتوون.

عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێم دەڵێت: کرێکاری بیانی لەسەر ڕەزامەندی خاوەنکار و کۆمپانیاکان دێنن بۆ هەرێم و بۆ ئەو مەبەستەش لێژنەیەکیان هەیە.

بەوتەی عارف، ئەولەویەت لای ئەوان بۆ کرێکاری ناوخۆییە بۆ کارکردن و، هەر کرێکارێکی بیانیش بێتە هەرێم ئەگەر بۆ کاری بینا و خزمەتگوزاریی بوو گرێبەستی یەک ساڵی لەگەڵ دەکرێت و دواتر دەتوانن نوێی بکەنەوە، بۆ ئەو کرێکارانەشی لەناو ماڵاندا کار دەکەن مۆڵەتی دوو ساڵ مانەوەیان هەیە.

حیتۆ دەشڵێت: ئەو کرێکارانەی لە ڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دێنە هەرێم، کەمتر ڕووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە تا ئەوانەی لە ڕێگەی قاچاخەوە دەهێنرێن.

بەرپرسەکەی وەزارەتی کار ئاشکرایدەکات، بەهۆی قەیرانی دارایی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری بیانی گرێبەستەکانیان نوێنەکراوەتەوە و کوردستانیان جێهێشتووە. تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦ ژمارەی کرێکارە بیانیيەکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس بوو، بەڵام بەهۆی "قەیرانی دارایی و نوێنەکردنەوەی گرێبەستەکانیان" ژمارەیان بۆ کەمتر لە لە ٣٠ هەزار کەمبۆتەوە.

بەر لە قەیرانی دارایی ساڵانە، ١٠ بۆ ١٢ هەزار کرێکاری بیانی دەهێنرانە هەرێم، بەڵام کاریگەری قەیرانی دارایی وایکردووە بەشێکی زۆر لەو کۆمپانیانەی ئەو کارەیان دەکرد مۆڵەتەکانیان تازە نەکەنەوە و واز لەو کارەیان بهێنن.

رونیشیکردەوە: کرێکاری بیانی هاوشێوەی کرێکاری ناوخۆ هیچ باج و رسوماتێکی لێ وەرناگیرێت، تەنیا باج و رسوماتی هاتنەناوەوەی هەرێم نەبێت.

زیاتر لە ١٠٠ کۆمپانیای بواری هێنانی کرێکاری بیانی لە هەرێم هەن، بەڵام بەهۆی "قەیرانی داراییەوە" لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆریان داخراون و ئەو کرێکارانەی دەهێنرێن لە ٥٠٪ یان بۆ کاری پرۆژەکانن و بەشەکەی تر لە ماڵان کاردەکەن.

لای خۆیەوە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لە ١٠ی شوباتی ٢٠٢١ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: بەرنامەیان هەیە ئەگەر هێزی توانای کارگێری هەبێت، ئەولەویەت بۆ کارمەند و کرێکاری ناوخۆیی بێت و دەبێ ژمارەی کرێکاری بیانی کەمبکرێەوە، تاوەکو کرێکاریی و دەستی ناوخۆ؛ پسپۆڕییەتییەکانیان زیاد بکات.

گوتیشی: هەندێک لەو هەلی کارانەی لە هەرێم هەن، پێویستی بە پسپۆڕیەتییە لێرەش پسپۆڕی نییە، بۆیە لە هەموو دونیاش وایە نابێ کارمەندی ناوخۆ و دەرەوە وەکو یەک بێت.

# بەهۆی بۆردومانەکانەوە دەیان هاوڵاتی زەرەمەند بوون



**ئا: شکۆی کوردستان**

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تەنها لە سنوری دەڤەری سۆران ٢٩٨ هاوڵاتی مەدەنی بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیاوە بوونەتە قوربانی، کەسوکاری شەهید و بریندارەکانیش پێیانوایە سوپای تورکیا بە ئەنقەست هاوڵاتیانی مەدەنی شەهیدو بریندار دەکات.

" هەموویان لە گوندێکی بناری قەندیل لە شیرین خەودا بوون کاتێک فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی کردن و هەر چواریان بوون بەخەڵوز و لاشەکانیان نەناسرانەوە".

ئەمە قسەی ئامانج ئەحمەد وەرتیە لەبارەی چیرۆکی شەهیدکردنی چوار هاوڵاتی سنوری قەندیل کە سیانیان ئامۆزا و پورزای بوونە و هەر چواریان بۆ پشودان چوونەتە گوندی سەرکان لەبناری قەندیل.

ئامانج لەبارەی چۆنیەتی ڕووداوەکە، دەڵێت: "ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی ساڵی ٢٠١٨ دەرباز محەمەد، بێژەن مستەفا، شەرۆ مەحمود و محەمەد ئیسماعیل وەک هەر خەڵکێکی دیکە بەشداری ئاهەنگی نەورۆزیان کرد لە بناری قەندیل، کاتێک ئێوارەکەی ئاهەنگەکە کۆتایی هات، بۆ پشودان لەخانوێکی گوندی سەرکان مانەوە، بەڵام بەداخەوە تورکیا هەر چواری لەشیرین خەودا شەهید کردن".

چیرۆکی شەهید بوونی ئەو چوار گەنجە کە هیچیان تەمەنیان نەگەیشتبووە سی ساڵان، بەتەنها چیرۆکێکی واقیعی- تراژیدی و مەرگەساتبار نییە کە ڕوبەڕوی ئەو چوار گەنجە بۆتەوە، بەڵکو لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، دەیان چیرۆکی دیکەی شەهید بوون، بریندار بوون و کەمئەندام بوون ڕویداوە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی سوپای تورکیا لە باشوری کوردستان.

مستەفا محەمەد کە خۆی بەهۆی بۆردومانەوە کەمئەندام بووە و چەند ئەندامێکی خانەوادەکەشی بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە لەدەستداوە، نیگەرانە لەو ڕوداو و کارەساتەی کە بەهۆی بۆردومانەوە تووشی خۆی و خانەوادەکەی بوە.

ئەو هاوڵاتییە، وتی: "ئێمە گوندنشین و خەڵکی مەدەنین بەڵام بەداخەوە تورکیا ئێمەی کردە ئامانج و خۆم بریندار و خێزان و کوڕەکەشم گیانیان لەدەستدا".

ئامانج وەرتی و مستەفا محەمەد کە یەکەمیان ئامۆزا و پورزای بەهۆی بۆردومانی تورکیا لەدەستداوە و ئەوەی دوەمیشیان خێزان و کوڕەکەی لەدەستداوە و خۆشی کەمئەندام بوە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە سوپای تورکیا بە ئەنقەست خەڵکی مەدەنی و سڤیل و کاسب دەکاتە ئامانج و ئێستاش و هەموو دەم خەڵکی مەدەنی و گوندنشینانی ناوچە سنوریەکان لەژێر مەترسی بۆردوماندان.

بەپێی ئامارێک کە شکۆی کوردستان بەدواداچوونی بۆ کردووە لە لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا تەنها لە سنوری دەڤەری سۆران کە چوار قەزا دەگرێتەوە ٢٩٨ هاوڵاتی تەنها بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیاوە بوونەتە قوربانی، لە نێویاندا ١٦٠ هاوڵاتی لە سیدەکان و١٢١ هاوڵاتی لەبناری قەندیل و ١٧ هاوڵاتیش لە مێرگەسۆر بوونەتە قوربانی، تەنها لە بناری قەندیل بە پێی گوتەی هاوسەرۆکی شارەوانییەکە ٣٠ هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو دەیانیشی بریندارو کەمئەندا بوونە.

لەوبارەیەوە ئیحسان چەلەبی بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان کە ناوچەیەکی سنوریە لە قەزای سۆران بە (شکۆی کوردستان)ی ڕاگەیاند: "بەهۆی ئەوەی ناوچەکەمان ناوچەیەکە شەڕ و ئاڵۆزی تێدایە بۆیە بەردەوام هاوڵاتیانی مەدەنی بوونەتە قوربانی بۆردومان و شەڕو ئاڵۆزیەکان".

وتیشی: "ناوچەکەی ئێمە جوگرافیاییەکی بەرفراوانی هەیە و پێویستە هاوڵاتیان خۆیان زۆر نزیکی سنورەکان و ئەو ناوچانە نەکەونەوە کە شەڕو ئاڵۆزی لێیە".

## بۆنی زبڵ و خاشاک خەڵکی کەرکوک بێزار دەکات

# "ڕۆژانە هەزار و 200 تەن زبڵ فڕێدەدرێت، بەڵام شارەوانی لە توانایدایە 300 تەن هەڵبگرێتەوە"

ئا: شکۆی کوردستان

بۆ مانگێکی تەواو، سارا دلێر لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە هەر گوێی لە باسی پاککردنەوەی شار بوو، بەڵام لە کۆڵان و گەڕەکەکەی خۆیاندا هیچی بە کرداری نەبینی.
ئەو لە شۆریجە دادەنیشێت، ئەو گەڕەکە و تەواوی ناوشاری کەرکوک، کەم شەقام و شۆستە و کۆڵان هەیە پڕ لە خۆڵ و خاشاکی کەڵەکەبوو نەبێت.
"لە تیڤییەکانەوە باسی هەڵمەتی پاککردنەوەیە و لەناو شاریش دیمەنەکە وەک خۆیەتی" سارا بۆ (شکۆی کوردستان) وای گوت، ئەو خۆڵ و خاشاکەی ماڵەکەی لەرێی ماتۆڕسکیلێکی سێ تاییەوە لە بەرانبەر هەزار دیناری عیراقیدا فڕێدەدات.
"ژمارەی ئەو کوڕەمان وەرگرتووە کە ماتۆڕی پێیە و زبڵی ماڵان فڕێدەدات، هەرکات خۆڵ و خاشاکی زۆرمان هەبێت تەلەفۆنی بۆ دەکەین، بەڵام نازانین ئەو لە کوێ فڕێیدەدات؟".
کێشەی کەڵەکەبونی خۆڵ و خاشاک لە کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٢٠١٧، ئەوکاتەی گرێبەستی نێوان ئیدارەی کەرکوک و کۆمپانیای پاککەرەوە هەڵوەشایەوە.
زبڵ و پاشماوەکان لە بەردەرگای ماڵەکەم دادەنێم، تاوەکو ماتۆڕی سەتووتە دێت و فڕێیدەدەن، ئەوانیش هەندێجار نایەن و خۆم بە ناچاری دەیبەم لە قەراخی ڕێگاکانی دەرەوەی شار فڕێیدەدەم" یوسف سیروان، دانیشتوی شاری کەرکوک وای گوت.
بەشێک لە هاوڵاتیان و ئەو ماتۆڕسکیلانەی خۆڵ و خاشاکی خەڵک بە پارە کۆدەکەمەوە، لە دەروازەکانی شار خاشاک فڕێدەدەن، زۆرینەی ئەو خۆڵ و خاشاکەش بەهۆی ڕەشەباوە جارێکیتر پەرش و بڵاودەبنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ شەقامە سەرەکییەکانی ناوشار.
یوسف بە (شکۆی کوردستان)ی گوت: "زۆر بە شەرمەوە دەڕۆم بۆ فڕێدانی خۆڵ و خاشاک، تەنەنات زۆر کات شەوان دەڕۆم فڕێیدەدەم بۆ ئەوەی کەس نەمبینێت، چونکە شەرم لە خۆم دەکەم، خۆم بە دەستی خۆم دیمەنی شارەکەم وێران دەکەم".
ئەو دەڵێت هیچ چارەسەرێکی دیکە شک نابات، ئەگەر خۆڵەکە فڕێنەدەن لە دوو ڕۆژدا خاشاک کۆڵانەکەیان دەتەنێت.
تەنیا من خۆڵ و خاشاک نابەمە دەرەوەی شار، خەڵکی بەگشتی وادەکەن، چونکە چارەسەری تر نییە، ناچارین، شارەکە پڕ بووە لە خۆڵ و خاشاک، ... حکومەت بەرپرسیارن لەم بارودۆخە" بەوتەی یوسف سیروان.
شارەوانی کەرکوک، زیاد لە جارێک جەختیکردۆتەوە لەوەی توانای پاککردنەوەی شاریان نییە، چونکە حکومەتی عێراق برە پارەی پاککردنەوەی شاری لە ملیارێک و ٢٠٠ ملیۆنەوە بۆ تەنیا ٢٠٠ ملیۆن دینار کەمکردۆتەوە، بەوە فڕێدانی هەر تەنێک خۆڵ و خاشاک نزیکەی ٥٠٠ دیناری بەردەکەوێت.
لێپرسراوی ڕاگەیاندنی شارەوانی گوتی: "ئێستا ڕۆژانە نزیکەی هەزار و ٢٠٠ تەن زبڵ فڕێدەدرێت بەڵام شارەوانی لە توانایدا لە ڕۆژێکدا تەنیا نزیکەی ٣٠٠ تەن هەڵبگرێتەوە".
عەدنان ڕەشید داواکارە هاوڵاتیان هاوکاری کارمەندانیان بکەن، لە شوێنی گونجاودا خۆڵ و خاشاک فڕێبدەن تا بە ئاسانی هەڵبگیرێتەوە، نەک لە سەر شۆستە و شەقامەکان یان دەروازەکانی شار. ئیدارەی کەرکوک تائێستا لەرێی مۆلیدە ئەهلییەکانەوە، مانگانە لەگەڵ پارەی مۆلیدەدا برە پارەیەک کە ناگاتە سێ هەزار دینار لە هەر خێزانێک وەردەگرێت، وەک باجی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک، ئەوەش چەندینجار نارەزایی خەڵکی لێکەوتۆتەوە بەوپێیەی پارە دەدەن و شاریش هەر پاک ناکرێتەوە.
محەمەد جەلیل، لێپرسراوی گروپی شەقام -گروپەکە بۆ دەربڕینی نارەزایی و چالاکی مەدەنی لە کەرکوک پێکهێنراوە- بە (شکۆی کوردستان)ی گوت: "چالاکی زۆرمان لەسەر دۆسیەی کەڵەکەبونی خاشاک هەبووە و ئێستاش بێدەنگ نەبوین، بەڕێوەبەری شاروانیمان ئاگادارکردۆتەوە ئەگەر بارودۆخەکە وەها بمێنێتەوە، ئەوا ناچاری دەستلەکارکێشانەوەی دەکەین یان سکاڵای لەسەر تۆماردەکەین".
ئەو دەڵێت چاوەڕێی هەنگاوەکانی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکەن و ئەگەر هیچ ئەنجامێکی نەبوو ڕێگە مەدەنی دیکە دەگرنەبەر.
ئەو خۆڵ و خاشاکەی شارەوانی خۆی کۆیاندەکاتەوە ڕەوانەی دوو وێستگە دەکرێن؛ دوای پاککردنەوە و جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی، ڕەوانەی وێستگەی سەرەکی دەکرێن لە ناحیەی لەیلان و هەر لەوێ دەخرێنە ژێر زەوییەوە.
مەریوان نادر، ئەندامی پەرلەمانی عیراق لە پشکی کەرکوک بە (شکۆی کوردستان)ی گوت "جگە لە کەمی و نەبونی بودجە، ئیدارەی شارەکەش بەرامبەر بارودۆخەکە بەرپرسیارە و لە هەمانکاتدا کەمتەرخەمیشە".
پەرلەمانتارانی کەرکوک بەپێی یاسا چاودێرن بەسەر کارەکانی ئیدارەی شارەکەیانەوە دوای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگا.
مەروان نادر پێیوایە "هەڵمەتەکان بۆ پاکردنەوەی شار کاتین و ناتوانن دۆخەکە چارەسەر بکەن" بۆیە هەوڵیانداوە بەشە بوجەیەکی تایبەتی پاککردنەوە بۆ شارەوانی کەرکوک دابینبکرێت.
ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت پێشتر وەزیری شارەوانییەکان پاساوی بۆ کەمکردنەوەی بودجە ئەوەبووە لە ٢٠٢٠دا یاسای بودجە نەبووە و ئەو کەمکردنەوەیە هەموو پارێزگاکانی عیراقی گرتۆتەوە. لە ساڵی ٢٠٢٠یشدا یاسای بودجە دەرنەچوو، بەڵام لە ٢٠١٩دا بە پارەی پترۆ دۆلارەوە زیاتر لە ٥٠٠ ملیار دینار بۆ پارێزگای کەرکوک تەرخانکرابوو.




## پێش 2003 کوردانی موسڵ 33%ی پێکهاتەی پارێزگاکەی پێدەهێنا

# دۆخی ئەمنی خەونی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ موسڵ دەزڕێنێت

ئا: شکۆی کوردستان

عەبدوڵا گۆران کتێبەکەی بەدەستەوەیە و ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیی دەکات، کاتێک لەگەڵ برا گەورەکەیدا دەکەوێتە باسی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و خەونی باوکە کۆچکردووەکەی بۆ گەیشتن بە کۆلێژی پزیشکی، لەوکاتەدا دایکی قسەکانیان دەبڕێت و بەهاوارەوە دەڵێت: "هەڕەشە.. هەڕەشە".
عەبدوڵا (٣٣ ساڵ)، هاوڵاتییەکی کوردە، لە گەڕەکی جەزائیری شاری موسڵ لەدایکبووە و گەورە بووە، بەرلەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ساڵی ٢٠٠٩ بە ناچاری زێدی خۆیان بەرە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەجێبهێڵن
هەڵاتنی ئەو خێزانە کورد لە موسڵ، بەهۆی هەڕەشەی کوشتنیانەوە بوو لەسەر ناسنامەی کوردبون، ئەوەش لەچوارچێوەی ئەو بارگرژییە تائیفییەدا کە لەدوای روداوەکانی ٢٠٠٣ـەوە سەریانهەڵدا.
دوای ساڵانێک لە تێکچونی بارودۆخی ئەمنی، کوشتن و ماڵوێرانی، زۆربەی هاوڵاتیانی کورد پارێزگای نەینەوایان بەجێهێشت، بەڵام پەرۆشیی و خەونی گەڕانەوە هەر لەنێویاندا مایەوە.
گۆران بەدەم تەماشاکردنی وێنەکانی نێو ئەلبومە کۆنەکەیانەوە، کە تاکە شت بوو توانییان لە خانووە بەجێهێڵدراوەکەیاندا بیبەن، وتی "ئامادەکاریم بۆ تاقیکردنەوە دەکرد، لە هاتنەدی خەونەکەی خۆم و باوکم بە چونە کۆلێژی پزیشکی نزیکبوم، بەڵام لە پڕ هەموو شتێک گۆڕا".
بەدیهاتنی ئەو خەونەی گۆران و براکانی قورس بوو، دوای ئەوەی گروپێکی چەکداریی نامەیەکی هەڕەشەیان بە دوو فیشەکەوە خستەماڵیانەوە کە تیایدا داوایانکرد، دەستبەجێ موسڵ بەجێبهێڵن ئەگەرنا هەمویان دەکوژن.
"وتیان هەر بەو جلوبەرگانەوە بڕۆن کە لە بەرتاندایە، ئەگەر یەک شتی دیکە ببەن ئەوا دەکوژرێن"، گۆران وای وت، بۆیە خێزانەکە ڕۆیشتن، ماڵ و شمەکانیشیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت.
ئەو گروپەی هەڕەشەیان کرد، هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ گۆران و خێزانەکەی نەهێشتەوە، جگە لە ئاوارەیی و بەجێهێشتنی موسڵ، شاری دایک، ئەو شارەی تیایدا دەژیان، بەڵام ئەوان لێی بێبەشکران و لەوکاتەوە لە هەولێر نیشتەجێن.
کۆچەر (٢٧ ساڵ)، دەکەوێتە بیری ئەوکاتەی لە ڕێکخراوێکی مەدەنی شاری موسڵ کاریدەکرد و ئەو ماوەیەی ژیانی بە "جوانترین ڕۆژەکانی" لەو شارەدا وەسف دەکات.
کۆچەر سەیرێکی بازنە دەستکردەکەی دەستی دەکات، کە هاوڕێیەکی عەرەبی بە دیاری پێیداوە کاتێک لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا بون و هێشتا پاراستویەتی، "جیاوازیی و جیاکاریمان نەدەزانی، هەمومان بە تەبایی و خۆشەویستییەوە لە ناوچەکەماندا دەژیاین".
ئەو دەڵێت "زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکەی ئێمە عەرەب بون، لە کۆڵانەکەماندا ئێمە تاکە خێزانی کورد بوین، کەس لە دژمان نەوەستایەوە و هەموو دراوسێیەکان وەک کەسوکاری یەکتری وابوین".
برایەکی کۆچەر دەبێتە پێشمەرگە، بەوهۆیەوە روبەڕوی هەڕەشەی کوشتن دەبنەوە لەسەر دەستی گروپە چەکدارییەکان، بۆیە وەک خێزانە کوردەکانی دیکە ئەوانیش بە ناچاری و لەپێناو پاراستنی ژیانیاندا کۆچ دەکەن.
کۆچەر بە هیوایە جارێکیتر هاوڕێیەکەی بدۆزێتەوە، کە نزیکەی ١٧ ساڵە لە یەکتری دابڕاون، بەهۆی بەجێهێشتنی موسڵ و ئاوارەبون بەرەو شاری زاخۆ، دوایین ناوچەی باکوری عیراق.
پارێزگای نەینەوا فرە نەتەوە و پێکهاتەی ئایینییە، کورد دوەم نەتەوەی پارێزگاکەیە دوای عەرەب و بەپێی ئامارەکانی پێش ساڵی ٢٠٠٣ ڕێژەیان لەو سنورەدا سەدا ٣٣ بووە.
بەڵام لە روداوەکانی ٢٠٠٣ بەدواوە ڕێژەی کورد کەمیکرد، ئەوەش بە چەند هۆکارێک لە نێویاندا ئەمنیی و ئابوری، لە غیابی ڕۆڵی هەردوو حکومەتی فیدراڵی و خۆجێیی بۆ وەستاندنی ئەو توندوتیژییانەی روبەڕوی کورد دەبونەوە.
فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەک فەرمانگەی ئامار لە پارێزگای نەینەوا، هیچ ئامارێکیان دەربارەی ژمارەی پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی دانیشتوی نەینەوا بە گشتی و شاری موسڵ بە تایبەتی بە (کەرکوک ناو) نەدا.
عومەر حەرباوی، کەسایەتی سیاسی سەربەخۆ دەڵێت تا پێش ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەی کورد لە تەواوی نەینەوادا بە ٩٠٠ هەزار کەس دەخەمڵێنرا "بەپێی ئامارە نیمچە فەرمییەکان"، بەڵام بەخێرایی ئەو ئامارە کەمیکرد و تا ساڵی ٢٠١٤ و کەوتنی موسڵ، ژمارەی کورد بۆ نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس دابەزی.
"پاشەکشێی کورد لە پارێزگای نەینەوا بۆشاییەکی گەورەی لەو پارێزگایە بەجێهێشت و کاریگەری نەرێنی لەسەر شاری موسڵیش دادەنێت" بەوتەی حەرباوی.
ئەبو یونس (٤٠ ساڵ)، کە لە دوکانێکی جلوبەرگی بازاڕی نەبی یونس کاردەکات بە (کەرکوک ناو)ی وت بازاڕی نەبی یونس خەڵکی موسڵ بە بازاڕی "کوردەکان" ناویاندەهێنا، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەوێ کاریاندەکرد کورد بون.
بەڵام بازاڕەکە ئەو نازناوەی لەدەستدا، بەهۆی ئەو روداوانەی بەسەر موسڵدا هات، ئەبو یونس دەڵێت "هاوڕێ کوردەکانم دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە دوکانەکانیان بەجێهێشت و لەوکاتەوە نەگەڕاونەتەوە".
کورد لە شاری موسڵ دەکەونە چەندین گەڕەک لەوانە جەزائیر، ئەربەجیە و بازاڕی نەبی یونس بەڵام ئێستا ئەو دانیشتوانە راستەقینەیە لە شوێنی خۆیاندا نەماون، لە دەرەوەی موسڵیش کورد هێشتا لە دەشتی نەینەوا و باشور و ناوچەکانی دیکەی پارێزگاکەدا هەن.
"ڕێکخراوەکان و تیمە خۆبەخشییەکان هیچ شتێکیان پێشکەش بە برایانی کورد نەکردووە جێی باس بێت" ئەحمەد مەعازیدی، چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ وای وت.



ئەو دەستپێشخەرییانەی کراون بۆ کەمینەکانی کریستیان، ئێزیدی و ئەوانی دیکە بون بەڵام هیچ دەستپێشخەریی و چالاکییەک نەبووە دەربارەی کورد تا هانیانبدات بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.
مەعازیدی دانبەوەدادەنێت ئەو و هاوڕێ چالاکوانەکانی و ئەوانەی لە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا کاردەکەن "کەمتەرخەم بوین بەرانبەر براکانمان و هاوبەشەکانمان لە نیشتمان".
هەروەها جەختدەکاتەوە کە پێکەوەژیانی ئاشتی تەنیا دروشمێک نییە تا لێرەو لەوێ بوترێتەوە، "ئەگەر دەمانەوێت برا کوردەکانمان بگەڕێنەوە ئەوا پێویستە ژینگەیەکی لەباری ئاشتەوایی و بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەڕانەوەیان بڕەخسێنین، ئەوەش پێویستی بە هەوڵی مەدەنی و حکومی هەیە".
فاتن ئال عەلی، چالاکوانی مەدەنی پشتگیری ئەو بۆچونە دەکات و دەڵێت "ئەو جیاوازییەمان لەدەستدا کە پێی دەناسراینەوە"، نیگەرانیشە لەوەی بەسەر دراوسێ کوردەکەیاندا هات و ناچاربون ماڵەکەیان بەجێبهێڵن، کاتێک داعش دەستی بەسەر شارەکەدا گرت.
"لە رابردودا میدیا رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی وتاری رق و کینەدا، ئەوەش هۆکاربوو بە زیادکردنی پەرتەوازەیی لەنێوان دانیشتوانی شارەکەدا"، فاتن ئال عەلی وتی "بەهیوابوم دامەزراوە میدیاییەکان دوای ئازادکردنی موسڵ زیاتر پەیامی میدیاییان یەکبخەن و دەستبەرداری وتاری رق و کینە بن، وەک ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەیکەن".
دوای تێپەڕبونی سێ ساڵ بەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ لە دەستی داعش، هێشتا شارەکە "خەونێکی قورسە" بۆ گۆران و خێزانەکەی، سەرباری باشتربونی ئاسایش و هەبونی ڕێژەیەک لە سەقامگیری.
عەبدوڵا گۆران کە ڕۆژانێک خەونی بە خوێندنی پزیشکییەوە دەبینی، ئەمڕۆ وەک کرێکار لە خواردنگەیەکی خێرا کاردەکات، چونکە ناچاربوو بەخۆی خراپی بارودۆخی داراییەوە واز لە خوێندن بهێنێت.
"هەموو جارێک دایکم دەڵێت خۆزگە دەمانتوانی بۆ چەند خولەکێکیش بێت بگەڕێینەوە بۆ موسڵ و هەوای شارەکە هەڵبمژین... خۆزگە دەمانتوانی بڕۆینەوە گەڕەک و دراوسێیەکانمان ببینینەوە".

شكۆی كوردستان
ژمارە (١٢) ٢٨ی نیسان ٢٠٢١

بانگهێشتیان دەکات بۆ پاریس

# سەرۆکی فرەنسا هەوڵی نەهێشتنی ناکۆکی نێوان لایەنە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەدات

**ئا: شکۆی کوردستان**

فرەنسا داوایەکی ئاراستەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کردووە، تا سەردانی پاریس بکەن و گفتوگۆی پرسی سووریا و نزیکبوونەوەی هەردوو لایەنە کورییەکەی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، بە گوێرەی زانیارییەکانیش شاندی هەردوولا چاویان بە ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فرەنسا دەکەوێت.

ماوەی ساڵێکە گفتوگۆکانی ئەنەکەسە و مەسەدە بە دەسپێشخەری فرەنسا و بە سەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستیپێکردووە، بەڵام ماوەیەکە گفتوگۆکان وەستاون و ماوە ماوەیش هەردوولا ڕەخنە لە یەکتر دەگرن و یەکتر بە جێبەجێنەکردنی ئەو خاڵانە دەکەن کە لە گەڕەکانی سەرەتای دەستکردن بە گفتوگۆکان لەسەری ڕێککەوتوون.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی تایبەتەوە دەست ڕۆژنامەی "العربی الجدید" کەوتوون، بانگهێشتنامە لەلایەن حکوومەتی پاریسەوە ئاڕاستەی ئەنەکەسە و مەسەدە کراوە، تا بە شاندێکی هاوبەش سەردانی فرەنسا بکەن و لەگەڵ ماکرۆن کۆ ببنەوە، ئێستەیش هەردوولا خەریکی هەماهەنگین بۆ ڕێکخستنی شاندە هاوبەشەکە و دواتریش ئەنجامدانی سەردانەکەیان بۆ پاریس.

سووریا دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش ژێر دەستەی فرەنسا بووە و پاریس دەیەوێ هەژموونی خۆی بسەپێنێتەوە.

بەشێک لە سەرچاوەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە لەسەر پێکهاتەی شاندەکە و ئەندامانی ناکۆکی لە نێوان مەسەدە و ئەنەکەسە هەیە، بۆیە سەردانەکە بۆ پاریس دواکەوتووە، بەڵام فەیسەڵ یوسف ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنەکەسە لەوبارەوە بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە، کە ئەو زانیارییانە دروست نین و ئەوان بەردەوامن لە گفتوگۆ و تا ئێستە بە وردی یەکلایی نەکراوەتەوە کە کەی سەردانەکە ئەنجام دەدرێ، چونکە پێش دوو ساڵ پاریس دەسپێشخەری خستەڕوو، تا نێوەندگیری هەردوو لایەنە کورییەکە بکات و بە ڕێککەوتنیان بگەیەنێ و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێن.

زیاتر گوتی، فرەنسا دۆستێکی گرنگی گەلی سووریایە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و ئامانجیش لەو بانگهێشتە بۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکان و نەهێشتنی کێشە و گرژییەکان و خۆ ئامادەکردنە بۆ سووریای داهاتوو.

بە گوێرەی زانیارییەکانی دەست ڕۆژنامەکە کەوتووە، هەرچەندە سەرەتا سەردانەکە بۆ نێوەندگیری نێوان هەردوو لایەنە ناکۆکەکەی کورد بووە، بەڵام ئێستە جیا لەو دۆسیەیە، ئامانجی سەردانەکە زۆر فرەوانتر کراوە و بانگهێشتنامە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کۆشکی ئەلیزێوە ئاراستەی نوێنەرانی هەردوو لایەنە کورییەکە و نوێنەری عەرەب و سریانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات کراوە، تا هەمووان بە هاوبەشی سەردانی پاریس بکەن و لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی فرەنسا و دواجاریش لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی وڵات کۆ ببنەوە.

لە چەند هەفتەی ڕابردوو بۆ گەیاندنی بانگهێشتنامە نێردراوێکی فرەنسا چووەتە ڕۆژئاوای کوردستان و لەگەڵ نوێنەری پێکهاتە جیا جیاکان کۆبووەتەوە و بانگهێشتنامەکەی ئاراستە کردوون، شارەزایان باس لەوە دەکەن، کە فرەنسا دەیەوێ بەم هەنگاوانە شوێنپێی خۆی لە سووریا بە گشتی قایم بکات، بە تایبەت لە ڕووی مێژووییەوە و لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی سووریا ژێردەستەی فرەنسا بووە، بۆیە پاریس لە هەموو لایەک زیاتر خۆی بە شیاو دەزانێ بۆ نزیکبوونەوە لە تەواوی پێکهاتەکانی سووریا و بینینی ڕۆڵێکی گەورە و یەکلاکەرەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریا و بڕیاردان لەبارەی داهاتوو و چارەنووسی وڵاتەکە.

پێشتر لە نیسان/ئەپریلی ٢٠١٩یش شاندێکی هێزەکانی سووریای دیموکرات سەردانی پاریسیان کرد و لەگەڵ ماکرۆن کۆبوونەوە و لەو کۆبوونەوەیە پاریس بەڵێنی دا کە هاوکاری مادی بۆ هەسەدە دەستەبەر بکات، تا پێداویستی مرۆیی و کۆمەک و هاوکاری پزیشکی بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە دابین بکات.

لایەنە ناکۆکەکانی کورد و نوێنەری عەرەب و سریان بانگهێشتی کۆشکی ئەلیزێ کراون

فەرەیدوون سەعدوون شرۆڤەکاری سیاسی لە سووریا لەوبارەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاندووە، کە هەوڵانەی سووریا سەرەڕای ئەوەی گێڕانەوەی هەژموونی پاریسە بۆ سەر سووریا، کە پێشتر ناوچەیەکی جێدەسەڵات و پێگەی فرەنسییەکان بووە، هاوکات ناتوانرێ لەوەیش جیا بکرێتەوە، کە پێوەندی بە ناکۆکی و ململانێکانی نێوان پاریس و ئەنکەرە هەیە و ڕۆژهەڵاتی فورات وەک کارتێکی فشار لەلایەن پاریس بۆ سەر تورکیا بەکاردەهێنرێت.

هەوڵەکانی پاریس بۆ یەکخستنی لایەنە ناکۆکەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان پێش ئەمەریکایش دەستی پێکرد و بۆ یەکەمجار فرەنسا وەک لایەنێکی نێودەوڵەتی داوای لە ئەنەکەسە و مەسەدە کرد کە بەیەکەوە دەست بە گفتوگۆ بکەن و چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانیان بکەن، دوای ئەو دەسپێشخەرییەی فرەنسا، ئەمەریکایش هاتە نێو پرۆسەکە و نەک تەنیا دەسپێشخەری کرد، بەڵکو واشنتن نوێنەری خۆی ڕەوانە کرد تا سەرپەرشتی دانوستاندنەکان بکات، سەرەڕای ئەوەی سێ گەڕی دانوستاندنەکان لە نێوان هەردوولا بەڕێوە چوون، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە ساردی لە دانوستاندنەکان دروست بوو، بەهۆی گۆڕینی حکوومەتی ئەمەریکا و هاتنی جۆ بایدن و بە ستافێکی نوێوە بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەمەریکا.

لەگەڵ ئەوەی دواجار واشنتن جارێکی تر نوێنەری خۆی بۆ سەرپەرشتی دانوستاندنەکان ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کردەوە، بەڵام تا ئێستە پێشڤەچوونی گەورە لەو ڕووەوە بەدینەهاتوون و زۆرێکیش لە گەیشتنی هەردوولا بە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی و یەکلاکەرەوە بێهیوابوون.



# شوێنگرەوەی ژنە ئاسنینەکەی ئەوڕوپا دیاریکرا

**ئا: شکۆی کوردستان**

دوای ململانێیەکی زۆر لە چەند مانگی ڕابردوودا لە نێوان ئارمین لاشێت و مارکۆس زوودەر لەسەر پرسی کاندیدبوونیان بۆ شوێنگرەوەی ئەنگێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئێستەی ئەڵمانیا، دواجار ئارمین لاشێت سەرۆک وەزیرانی هەرێمی باکوری ڕاین ڤێستفالیا و سەرۆکی حزبی یەکێتی دیموکراتی کریستیان وەک کاندیدی پارتی فەرمانڕەوای ئەڵمانیا بۆ شوێنگرەوەی مێرکل دیاریی کرا و بڕیاریشە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە مانگی ئەیلوول/سێپتێمبەری ئەمساڵ بەڕێوە بچێت.

تا دێ دۆخی سیاسی لە ئەڵمانیا گەرموگوڕی بەخۆیەوە دەبینێت، بەهۆی نزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتە "بوندستاگ" هەر دوێنێش پارتی سەوزەکان ئانالینا بێربۆکی وەک کاندیدی فەرمی خۆی بۆ پۆستی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دیاریی کرد.

لە ماوەی ڕابردوو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی حکوومەتی مێرکل بەردەوام ڕەخنەیان لە مێرکل و حزبەکەی دەگرت، بە تایبەت لەسەر پرسی ڕێکار و ڕێوشوێنەکانی پێوەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەردەوامیدان بە سیاسەتی قەدەغەکردن و دواتر کردنەوە و ئاساییکردنەوە، پارتە بەرهەڵستکارەکان مێرکل و حزبەکەیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە ئەو هەنگاوانەی دەیگرێتەبەر لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا نییە، بگرە پارتەکەی مێرکل خەریکی ململانێی ناوخۆییە، لە نێوان لاشێت و زوودەر بۆ ئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوەی تر سەرکەوێ و ببێت بە کاندیدی فەرمی حزبەکە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەڵمانیا.

بەشێکیش لەو بڕوایەدابوون کە پارتەکەی مێرکل ناتوانێ کێشەی دوو کاندیدە سەرسەختەکە یەکلایی بکاتەوە و تووشی تەنگژە دەبن، بەڵام دواجار پاش کۆبوونەوەیەکی فرەوان کە زیاتر لە شەش سەعاتی خایاند، زۆرینەی نوێنەرانی پارتی یەکێتی دیموکراتی کریستیان و یەکێتی سۆشیالیستی کریستیان، بە دەنگی ٣٠ نوێنەر پرۆسەکە لە بەرژەوەندی ئارمین لاشێت یەکلایی بووەوە و مارکۆس زوودەریش تەنیا نۆ دەنگی هێنا.

پارتی فەرمانڕەوانی ئەڵمانیا لە یەکگرتنی دوو حزب پێکهاتووە کە پارتی یەکێتی دیموکراتی کریسیتان و پارتی یەکێتی سۆشیالیستی کریستیانە، ئەوەی دووەمیان تەنیا لە هەرێمی بایەرن بوونی هەیە و بە هەردوو حزبەکەیش دەگوترێ یەکێتی و یەکگرتن و بە دەستەخوشکی یەکتریش ناویان دەبرێت، مارکۆس زوودەر سەرۆکی پارتی یەکێتی سۆشیالیستی کریستیانە و هاوکات سەرۆک وەزیرانی هەرێمی بایەرنە، لە ماوەی ڕابردوو نیازی خۆی بۆ کاندیدکردن وەک ڕاوێژکاری داهاتووی ئەڵمانیا ڕاگەیاند، لە بەرانبەردا ئارمین لاشێتیش هەمان خواستی خۆی دەربڕی و دەبوو هەردوو حزبەکە بۆ بەردەوامیدان بە مانەوە بە یەکگرتوویی لەسەر یەکێکیان ڕێک بکەون.

دوای بردنەوەی ئارمین لاشێت، مارکۆس زوودەر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی پیرۆزبایی لە لاشێت کرد و پشتیوانی خۆی بۆ دووپات کردەوە و ئاماژەی بەوەیش دا کە ئەو دەیەویست ئەو بەرپرسیارێتییەی بکەوێتە سەرشان، بەڵام لە هەمان کاتیش باوەڕی بە دیموکراتی و هەڵبژاردن هەیە و لە ئێستەوە هەموو پشتیوانییەکی لاشێت دەکات.

## ئارمین لاشێت کێیە

سیاسییەکی لیبڕاڵ و میانڕۆی ئەڵمانیایە و لە ١٨ی شوبات/فێبرایەری ١٩٦١ لە شاری ئاخن لە دایکبووە و لە بنەڕەتداماڵباتەکەی بەلجیکین و لە هەرێمی ڤالۆنیای بەلجیکا ژیاون، لە زانکۆکانی لۆدڤیگ ماکسیمیلیان لە میونشن و زانکۆی بۆن لە شاری بۆن یاسای خوێندووە و سەرەتا بەکاری ڕۆژنامەوانی و دواتریش وەک سیاسی و مامۆستای زانکۆ و یاساناسێک دەرکەوتووە.

ژیانی سیاسی لاشێت لە پەرلەمانی ئەورووپاوە دەستی پێکرد، کاتێک لە ١٣ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٩ وەک پەرلەمانتاری ئەورووپا لەسەر پشکی ئەڵمانیا هەڵبژێردرا و تا ٢٠٠٥ بەردەوام بوو لە کارەکەی، دواتریش وەک ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی باکوری ڕاین ڤێستفالیا هەڵبژێردرا و هاوکات بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەزیری نەوەکان و خێزان و ژن و تەواوکاری بووە لە حکوومەتی هەرێمی باکوری ڕاین ڤێستفالن، لە ٢٠١٢ەوەیش وەک جێگری سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراسی کریستیان واتە جێگری ئەنگێلا مێرکل کاری کردووە.

لە ٢٧ی حوزەیران/یۆنیۆی ٢٩١٧ەوە وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی باکوری ڕاین ڤێستفالیا دەستبەکاربووە و تا ئێستەیش بەردەوامە لە پۆستەکەی، هاوکات لە کۆنگرەی حزبەکەی لە ١٦ی کانوونی دووەم/یەنایەری ئەمساڵ کە لە ڕێی ڤیدیۆ کۆنفڕانسەوە ئەنجامدرا، توانی بەسەر ڕکابەرەکانی سەرکەوێ وەک سەرۆکی گشتی پارتی یەکێتی دیموکراتی کریستیان دەستبەکار بێت.

سەرەڕای یەکلابوونەوەی کاندیدی پارتی فەرمانڕەوا بۆ شوێنی ئەنگێلا مێرکل، بەڵام هەڵبژاردنی ئەیلوول/سێپتێمبەری داهاتوو بۆ حزبەکەی مێرکل ئاسان نابێت، بە تایبەت دوای ئەوەی کە ڕاپرسی و ڕووپێوەکان دووپات لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگی پارتی سەوزەکان دەکەن، بە بەراورد بە ساڵانی پێشوویش دەنگی پارتی یەکێتی دیموکراتی کریستیان تاڕادەیەک کەمی کردووە، لە جیاتی گەشەکردن. بۆیە لە ئەگەری بردنەوەی هەڵبژاردنیش، ئەستەمە کە حزبەکەی مێرکل نیوە زیاتری دەنگەکان بهێنێت، بەڵکو چاوەڕوان دەکرێ حکوومەتی هاوپەیمانی دروست بکرێ، بە بەشداری پێکردنی پارتی سۆشیال دیموکراتەکان یان پارتی سەوزەکان.



# خەتیبی گەورەی سلێمانی، ناوێک بارتەقای ناسناوی ڕۆشنبیریی سلێمانی

*نووسینی: کوردۆ شابان
بەرایی

هەڵکەوتەی شاری سلێمانی کە لە بنەڕەتدا بۆ شار دروستبووە، واتە خەڵکە کۆبووەکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لەسەر بنەمای خزمایەتی لە تەنیشت یەک خانوویان دروستنەکردووە، بەڵکو لە شارباژێڕ، شارەزوور، هەورامان، گەرمیان تا دەگاتە پشدەر خەڵکی بۆ هاتووە و لەمەیش تێپەڕیوە، لە ئەردەلان و سۆرانیشەوە خەڵکی بۆ هاتووە و تێیدا پێکهاتەیەکی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی شار پێویستییەتی دروستبووە، وەک: حەمامی گەورەی گشتیی پیاوان و ژنان، کارگەی سابوون، بەرگدروو، قوتابخانە، نەخۆشخانە و ڕیزە بازاڕ و قەیسەریی دیکە.

شارەزوور و شارباژێڕ کە نزیکترین دوو دەڤەرن لە سلێمانی و هەریەکەیان لە سەدان گوند پێکهاتوون، باشتر توانیویانە بەرهەمی خۆیان بگەیەننە سلێمانی ئەویش کشتوکاڵ بووە، لە شارەزوور گەنم و جۆ و ئاژەڵداری و لە شارباژێڕ برنج و میوەجات.

لەو دەڤەرانەی کە هاتوچۆی بەرهەمەکانیان ئاسان نەگەیشتووەتە شار، کاتێک تێیدا نیشتەجێبوون، پێویست بووە خەریکی پیشەسازی و کارێک بن کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی شارە، بەڵام ئەوانیش بەپێی لێهاتوویی خۆیان تایبەتمەندییان جیا کراوەتەوە.

بابانییەکان خەریکی سیاسەت و حوکمڕانی بوون؛

> **شێخ محەممەد، کوڕی شێخ عومەر، کوڕی شێخ محەممەد قەرەداغی، ناسراو بە خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ساڵی ١٩٢٨ لە شاری هەڵەبجەی شەهید لەدایک بووە. لە خێزانێکی ئایینی گەورە بووە، شەش برا و یەک خوشکی هەبووە: شێخ رەئووف، شێخ زاهید، شێخ نووری، شێخ ئەحمەد، شێخ ئەنوەر، شێخ ئەسعەد و خەدیجە خان**

جووەکان، قەززازەکان، بۆسکانییەکان و چەندانماڵباتی دیکە بە بازرگانییەوە خەریک بوون، هەورامییەکان سنعەتسازییان کردووە، سنەیی و بانەییەکان خەریکی بیناسازی بوون.

لایەنێکیش کە هەموویان تێیدا بەشدار بوون، بابەتی زانستی، ڕووناکبیری و مەعریفییە، لە تەواوی جومگەکانی شار پێک هاتووە، بەڵام لەناویاندا، قەرەداغییەکان شوێنێکی درەوشاوە و جێگر و بناغەداریان هەڵکۆڵیوە، بەشێوەیەک کاتێک باسی ئەم ڕووە مەعریفییانە دەکرێت، هەردەم قەرەداغ تێیدا ناوێکی سەرەکی بووە.

شێخ محەممەد قەرەداغی یەکێکە لەو ناوە گەورانەی شاری سلێمانی کە ئاڕاستەی لایەنی ئایینیی شارەکەی بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر گرتووەتە دەست و قوتابییەکانی دوای خۆی هەمان ڕێچکەیان گرتووە کە خۆیشی لە مامۆستایانییەوە بۆی ماوەتەوە، ئەویش ئاوێتەیەکی تەواوی ئایینە لەگەڵ هەموو کایەکانی کۆمەڵگە و هەرگیز بەشێکی دابڕاو نەبووە لە خەم و ئازارەکانیان و بگرە بەشێک بووە لە دروستبوونی ئەو ناسنامە ڕۆشنبیرییەی بە شارەکەدا بڕاوە، بە شێوەیەک، ئەگەر شاعیر و مونەوەرە ئایینییەکان لە لایەنی مەعریفیی سلێمانی بهێنینە دەرەوە، بۆشاییەکی گەورەی تێ دەکەوێت و پڕ نابێتەوە.

شێخ محەممەد کە خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە و بەهۆی پێگەی لەناو خەڵکدا کاتێک ناوی دێت، دەبێتە خەتیبی گەورەی سلێمانی و بەمە دەچێتە ڕیزی مەلا نەمرەکانی وەک مەلای گەورەی کۆیە و موفتی باداوە و زۆری دیکە.

خاڵێکی سلێمانی کە پێش سەردەم کەوتووە، ئەم بناغەیەتییەی شار بووە تێیدا کە هیچ پیشە و کار و سنعەتێک لە چوارچێوەی بۆماوەیی و خێزانیدا قەتیس نەماوە، بەڵکوو هەموویان بەپێی پێویستیی شار، دروست بوون.

بۆ نموونە وەک چۆن خەتیبی گەورە بۆشاییەکی ئایینی مەزنی لە شاردا پڕ کردووەتەوە، براکانی لەسەر هەمان ڕێچکە نەبوون، بەڵکوو بۆشاییی هونەری ئەو شارەیان بە جۆرێک پڕ کردووەتەوە، لەسەر ئاستی هەموو کوردستان تا ئێستەیش کاریگەرییەکەیان ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەیش سەلمێنەری ئەو خاڵەیە، کاتێک باسی سلێمانی دەکەین، نابێ هیچ لایەنێکی جیا بکەینەوە، بەڵکوو هەموو پێکهاتە مەعریفی، هونەری، ئابووری و سیاسییەکەی دەبێت لە یەک پاکێجدا بخەینە ڕوو، ئەگینا تێگەیشتن لە شارەکە ئاسان نابێت.

سەرنجێکی کورت:

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە لەسەر شێخ محەممەدی قەرەداغی، پێویستیم بە زانیاریی ورد بوو کە لە ماڵباتەکەی وەری بگرین، بە خۆشحاڵییەوە دەرگەیان بۆ کوردڕاوم کردەوە و ئەوەی پێویستیمان بوو بۆیان ناردین و لێرەوە سوپاسیان دەکەین، بەتایبەتی هونەرمەندی گەورە ئەنوەر قەرەداغی. هەروەها بەپێویستم زانی یەکێک لە قوتابییەکانی خەتیبی گەورە لە پۆرترێتەکەدا بەشدار بێت بۆ ئەمەیش "م. عومەر چنگیانی"مان هەڵبژارد، چونکە کاریگەرییەکانی خەتیب بەسەرییەوە بە زەقی ئاشکرایە و خۆی هەردەم باسی دەکات. (کوردۆ شابان)

خەتیبی گەورە کێیە؟

شێخ محەممەد، کوڕی شێخ عومەر، کوڕی شێخ محەممەد قەرەداغی، ناسراو بە خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ساڵی ١٩٢٨ لە شاری هەڵەبجەی شەهید لەدایک بووە.

لە خێزانێکی ئایینی گەورە بووە، شەش برا و یەک خوشکی هەبووە: شێخ رەئووف، شێخ زاهید، شێخ نووری، شێخ ئەحمەد، شێخ ئەنوەر، شێخ ئەسعەد و خەدیجە خان.

شێخ عومەر (باوکی خەتیب) زانایەکی گەورە و ناسراو بووە، لە مزگەوتی پاشا لە هەڵەبجە مەدرەسەی عیلمی هەبووە و لەژێر دەستیدا فەقێی پەروەردە کردووە، هەر بۆیە زوو منداڵەکانی خستووەتە بەر خوێندن.

شێخ محەممەد، لە سەرەتای خوێندنییەوە، لای باوکی خوێندوویەتی، بەوەیش نەوەستاوە، وەک مامۆستایانی ئایینی ئەو سەردەمە، چەندان شار ودێهاتی لەپێناو زانستدا بڕیوە و لەسەر دەستی دەیان زانای ناسراوی سەردەمەکەی کتێبەکانی مەنهەجی مەلایەتی پێش ئەوەی بگاتە ٢٠ ساڵ تەواو کردووە و هەر زوو ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە.

توانا زانستییەکەی لە تەمەنی لاوێتیدا ئاشکرا بووە، هەر بۆیە پاش وەفاتی باوکی، ڕاستەوخۆ دەبێتە جێگرەوەی لە بوارەکانی تەدریس و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی پاشا.

خەتیب و سلێمانی

خەتیبی گەورە، لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا (١٩٥٤) ئیدی ئەوەندە شارەزای زانستی ئایینی بووە، گەورە مەلاکانی ئەو سەردەمە لەبەردەم زانستەکەیدا چۆکیان داوە ناوبانگەکەی دەنگ دەداتەوە، هەر بۆیە بەو تەمەنەوە دەچێتە سلێمانی و دەبێتە خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی (مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ).

ئەو مزگەوتە بۆ سلێمانی، وەک سوڵتان ئەحمەدی ئیستانبووڵ، ئەزهەری قاهیرە، مزگەوتی ئەیووبیی دیمەشق و حەوزەی عیلمیی نەجەف بووە، بۆیە کاتێک دەگوترێ مەلایەک بەو تەمەنە لاوێتییەوە بووەتە خەتیبی مزگەوتی گەورە، واتا ددانپیێدانانی تەواوی زانایانی ئەو سەردەمە بە لێهاتوویی و توانای زانستیی.

خەتیب لەو مزگەوتە جیا لەوەی دەبێتە ئیمام و خەتیب، مەدرەسەی مزگەوتەکەش وەردەگرێ و دەبێتە بەڕێوەبەری دیراساتی ئیسلامی و تێیدا دەیان پۆل قوتابی پەروەردە دەکات.

شێخ محەممەد قەرەداغی، لەسەر ئاستی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە لە شاری سلێمانی جێی ڕێزی تایبەت بووە، بەشێوەیەک دەسەڵاتی سیاسیی ڕژێمی پێشوو، بەناچاری هانای بۆ دەبات تا بتوانێت لەو دۆخە دژوارە سیاسی و قۆناغە سەختەی خەباتی کوردایەتی کە زانیویانە خەڵکی گوێیان لەو گرتووە، هەردەم چوونەتە بەر قاپیی خەتیب، تا بە هانایانەوە بێت.

دڵسۆزیی خەتیب بۆ شارەکە و هەوڵدان بۆ نەڕێشتنی خوێنی لاوان، وای کردووە دەیان و سەدانی لە پەتی سێدارە و لە مەینەتی و ئەشکەنجە ڕزگار بکات، ئەمەیش وای کردووە لەلایەن خەڵکانێکەوە تۆمەتی بۆ هەڵببەسترێت گوایە نزیکە لە داگیرکەر، بەڵام هەموو ئەوانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە و بەرگەی گرتووە، چونکە ئامانجە ئاشتیخوازەکەی لەوە مەزنتر بووە، لەبەر ناتۆرەی خەڵکی ئەو بەرپرسیارییەتییەی خستوویەتییە شانی، کۆڵی لێ بدات.

پێگەی نەتەوەیی

ناوبانگی شێخ محەممەد قەرەداغی، نەوەک هەر لە کوردستان، لەسەر ئاستی عێراق و جیهانە ئیسلامییەکان دیار بووە.

هەر کۆڕ و کۆنگرەیەکی وڵاتانی ئیسلامی لەسەر ئاستی زانایان بکرایە، وەک نوێنەری کورد یان نوێنەری عێراق ئەندام بووە تێیدا و ئامانجە مرۆییەکانی لە تەنیشت بەتەنگەوە هاتنی مافەکانی گەلی کورد بە ڕوونی خستووەتە بەردەم بەشداربووان و وەک کوردپەروەرێکی مەزن ناسیویانە.

بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە، لە حەرەمی مزگەوتی گەورە، بە بە توندنی بریدار دەکرێت و چەند ساڵێک لە جێگەدا دەکەوێت و ساڵی ١٩٩٦ ماڵئاوایی لە دونیا دەکات.

م. عومەر چنگیانی، سەبارەت بە خەتیبی گەورەی سلێمانی:

کریم متى امدحه والورى * معي واذا ما لمته لمته وحدي

تەشبیهـ نەبێت وەک چۆن لە باسی مەدحی پێغەمبەر (دروود و سڵاوی خوای لەسەر) جەنابی مەحوی دەفەرمێت: "ئەوی نەیکا پەشیمانە، ئەوی دەیکا پەشیمانە"

ماوەیەکی کەم نییە، داوام لێ کراوە لە بارەی جەنابی مامۆستا خەتیبی گەورە شتێک بنووسم و هەردەم خۆمم لێ کەنار گرتووە، چونکە ئێستەیشی پێوە بێت، شەرم دەمگرێ، من مافی ئەوە بەخۆم بدەم هەڵسەنگاندن بۆ توانای زانستی یان ڕەوانبێژی یان بوێری یان ئیخلاسی ئەو پیاوە بکەم بۆ ئایین، نیشتمان، بۆ توێژی فەقێ و مەلا، بەتایبەتی قوتابیەکانی کە بەدەیان هەژمار ناکرێن بەڵکوو بەسەدانیش زێدەترن.

چ ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی بوونیان لە هەڵەبجە یان دواتری مزگەوتی حاجی حان یان مزگەوتی گەورەی سلێمانی وەک فەقێ شەرەفی ئەوەیان پێ بڕاوە لەلای بخوێنن و لەدەریای زانستە بێ سنوورەکەی بە زانستە شەرعییەکان بەهرەمەند ببن، وەک فەقێ و یاسای حوجرە، یان دواتر قوتابی لە مەعهەدی ئیسلامی مزگەوتی گەورە، وەک: شێخ عەلی قەرەداغی، شیخ حەمەعەلی شیخ محەممەد قەرەداغی نووسەر و توێژەر و سەلاحەددین سەنگاوی و چەندان فەقێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو قوتابخانەیە و لەبەردەستی ئەودا پەروەردە بوون.

> **ئەو مزگەوتە بۆ سلێمانی، وەک سوڵتان ئەحمەدی ئیستانبووڵ، ئەزهەری قاهیرە، مزگەوتی ئەیووبیی دیمەشق و حەوزەی عیلمیی نەجەف بووە، بۆیە کاتێک دەگوترێ مەلایەک بەو تەمەنە لاوێتییەوە بووەتە خەتیبی مزگەوتی گەورە، واتا ددانپیێدانانی تەواوی زانایانی ئەو سەردەمە بە لێهاتوویی و توانای زانستیی**

لە دوای دوورخستنەوەیشیی لە دوای نسکۆ، هەمیشە لە مزگەوتی گەورە دەرسی "جەمعوجەوامیع" و کتێبەکانی خوارتری بە مەلا نوێیەکانی سلێمانی دەگوتەوە.

من وەک سەرسامێکم لێ هاتووە، قامک لەکوێی ئەو دەریایە بدەم کە بێ ڕکابەر کەموێنە بوو لەڕەوانبێژیدا چ بە زمانی عەرەبی چ بەزمانی کوردی، دەمی لە هەر شتێکەوە دەدا، وات دەزانی شۆڕەسواری ئەو گۆڕەپانە لەخۆی بەدەر نییە و نابێ.

*بە سوپاسەوە ئەو بابەتە لە ماڵپەڕی (www.kurdrawm.com) وەرگیراوە.










# شکۆی کوردستان

رۆژنامەیەکی نەتەوەیی گشتی مانگانەیە

**سەرنووسەر**
عیسا عەبدولقەهار
07704419697
isaabdulqahar76@gmail.com

**نەخشەساز و بەڕێوەبەری هونەری**
هیوا گەلاڵی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
شەماڵ حەسەن

**بەڕێوەبەری نووسین**
دیار عەبدوڵڵا مەجید

**تیراژ: ٢٠٠٠ هەزار دانە**

ئەو وتارانەی لە رۆژنامەی شکۆی کوردستان بڵاو دەکرێنەوە، گوزارشت لە بیرو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات